# تێکۆشان

ئۆرگانی کومیتەی ناوەندی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران

بۆ گەیشتنی گەلی کورد بە مافە ڕەواکانی و ڕووخانی ڕژیمی ئاخوندی و دامەزراندنی حکومەتێکی دیموکڕاتی و پاڕلمانی، تێدەکۆشین.

ژمارە: ٣٢٣ سی و شەشەمین ساڵ ، ٣٠گەلاوێژی هەزار و سێسەد و نەوەد و نۆ ی کۆچی خۆری بەرانبەر بە ٢٠ی ئۆگۆستی دوو هەزار و بیست ی زایینی





## فەرمانی جیهادی خومەینی و زیان و ئەزمونەکانی.

بابە شێخ حوسەینی



بۆ باس لە سەر فەرمانی جیهادی خومەینی لە دژی خەڵکی بە زۆرینە موسڵمانی کوردستان، پێویست بە هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی شارەزایانی دینی ئیسلام و شارەزایانی سیاسی و لە هەموو گرینگتر دوکتورو شارەزایانی بواری زانستی دەرون ناسی هەیە. چونکە فەرمانی جیهادی خومەینی کە لە 28 ی گەلاوێژی ساڵی 1358 کۆچی خۆری، سەرەڕای ئەوەی فەرمانێک دژ بە بنەماکانی ئیسلامی بوو، لە هەمانکاتدا ناڕەواو جینایەتکارانەو دوور لە هەموو بەراوردو هەڵسەنگاندنە لۆژیکیەکان بوو.

خومەینی فەرمانی جیهادی لە دژی خەڵکی بە زۆرینە موسڵمانی کورد ڕاگەیاند، کە ئەوە دەرخەری دوو ڕاستین، یەکەم ئەوەی خومەینی فەرمانێکی ئیسلامی بە کارهێنا کە بە پێی قسەی زۆربەی شارەزایانی دینی ئیسلام هیچ کات ناتواندرێ لە سەردەمێکدا کە سنووری نێوان موسڵمان و غەیرە موسڵمان دیار نیە، کاری پێ بکرێ. بەڵام خومەینی بۆ قەلاچۆکردنی گەلی کورد فەرمانی جیهادی ڕاگەیاندو داوای کرد لە هەموو هۆکان و تەنانەت هەستی مەزهەبی و نەتەوەیی بۆ سەرکوتی گەلی کورد کەڵک وەرگرن، لە کاتێکدا گەلی کورد بە زۆرینە موسڵمانن و لە هەمانکاتدا کورد کێشەی مەزهەبی و شەڕی نەتەوەیی لە گەڵ هیچ کام لە نەتەوەکانی پێکهێنەری ئێران نەبوو. دووهەم، خومەینی ناڕاستەوخۆ و بە شێوەی ڕانەگەێندراو، شوێنکەوتوانی مەزهەبی سوننەی بە کافر ناوهێنا کە ئاشکرایە زۆربەی خەڵکی کورد لە کوردستانی ئێران و بە تایبەتی ئەو ناوچانەی کەوتنە بەر هێرشی پاسدارەکان، دانیشتوانی، خاوەن باوەڕی مەزهەبی سوننە بوون.

بێگومان خومەینی بە فەرمانی جیهاد دژی خەڵکی کورد، یەکەم چەکوشی لە برایەتی نێوان گەلانی ئێران و هاوپێوەندی ئیسلامی نێوان مەزهەب و بیروبۆچونە جیاجیاکانی ئیسلامی دا، لانی کەمی تا کاتی کۆتایی دەسەڵاتی ئێستا لە ئێراندا وەشاندووە.

جیهادی خومەینی دژی خەڵکی کوردستان جارێکی دیکە ئەو ڕاستیەی سەلماندەوە، کە دەسەڵاتەکان گەلی کورد بە دژمن دەزانن نەک بە خاوەن بەش لە ئێراندا. لە لایێکی دیکەوە فەرمانی جیهادی خومەینی و کوشت و کوشتکارو وێرانکردنی کوردستان لە لایەن پاسدارەکانی دەسەڵات، ئەو پەیامەی بۆ خەڵکی کوردستان پێ بوو کە کورد لە ئێراندا نەتەوەی بێ بەشەو ئەگەر کورد یەکگرتوو نەبێ دەکەوێتە نێوان بەرداشی دەسەلاتی ملهوڕو دیکتاتۆر، هەر وەک ئەوەی لە ماوەی41 ساڵ دەسەڵاتی ئاخوندەکان دەبیندرێ و لە ماوەی دەسەڵاتی حکومەتی شادا، بیندرا. پەیامێکی ڕوون و خێرای دیکەی فەرمانی جیهادی خومەینی بۆ خەڵکی کوردستان، ئەوە بوو کە نابێ هومێدێک بە چاکسازی ئەو دەسەڵاتە هەبێ، چونکە خومەینی لە کاتێکدا ئەو فەرمانەی دەرکرد کە خەڵکی کوردستان و نوێنەرانی ئامادەی ووتووێژو ئاشتی بوون و تەنیا ئامانجی کورد، گەیشتن بە مافەکانی بوو لە چوارچێوەی ئێراندا.

کورتکراوەی ئاکامی فەرمانی جیهادی خومەینی، بریتیە لە:

1. بوونی ڕوانگەی ڕەگەزپەرەستی دەسەڵاتداریی بە تێکڕاو خومەینی بە تایبەت، وە ویستی خۆسەپێنی و حەزی بە دیلی مانەوەی کورد لە ئێراندا.
2. بەکارهێنانی مەزهەب و دین وەک ئامراز بۆ سەرکوتی میللەتی کورد.
3. بەکار هێنانی هێزی سەربازی و پاسدارو سەرمایەو پوڵی وڵات بۆ سەرکوتی خەڵکی کوردستان و هەوڵ بۆ شێواندنی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی دانیشتوانی کوردستان.
4.شێواندنی جوغرافیای کوردستان و هەوڵ بۆ ئاژاوەو بشێوی نانەوە لە نێوان نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی دراوسێی کوردستان بە تایبەت نێوان کوردو ناوچەو شارە ئازەریەکان.

.دەرکەوتنی ئامانجێکی دیکە لە فەرمانی جیهادی خومەینی، جەنگی مەزهەبی و تایفەگەریی لە کارە سەرەکیەکانی دەسەڵات هەر لە سەرتاوە بووە. بەشێک لە ئامانج و پەیامەکانی فەرمانی جیهادی خومەینی و دەسەڵاتەکەیم خستە بەرچاو، لە بەرانبەردا پێویستە باس لە هەلومەرجی جوڵانەوەی مافخوازانەی کوردستانی ئێران و ئەو دەرس و ئەزمونانەی کە لە فەرمانی جیهادی خومەینی وەرمان گرتووەو ئەو خەسارو زیانانەی کە تووش جوڵانەوەی حەقخوازانەو گەلی کورد بوون، بخەمە بەرچاو.



ئاشکرایە کە خەڵکی کوردستانی ئێران و تێکڕای لایەن و کەسایەتی و کەسانی خاوەن پێگەی کۆمەڵایەتی و سیاسی، لە پێش فەرمانی جیهادی خومەینی و بە دیاری کراویی لە مانگەکانی بەهاری ساڵی 1358 بە هەموو بیروبۆچونەکانیەوە بە بێ دوو دڵی لە پێناو دەستەبەرکرانی مافە نەتەوەییەکان و دابین کردنی ئازادی بۆ گەلی کورد، جۆرێک لە هاودەنگی لە نێوانیاندا لەئارادا بوو. بەڵام ئەو هەلومەرجە لە بارە، زۆری نەخایاند و بەداخەوە ناکۆکی فکری و سەلیقەیی و تەنانەت ناکۆکی شەخسی و حەزی دەسەڵاتخوزای لە ناو لایەنەکان و کەسایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردستان، تەبایی و یەکدەنگی لەباربرد. کوردستان بووە مەیدانی ململانێی فکریی چەندین لایەنی چەپ و بەتایبەتی ڕێکخراوی چریکە فیداییەکان بە کردەوە شەڕی نێوان جوتیارو مالیکەکانیان وەڕێ خست و بە گووش(تەناف) و بە بێ بوونی میترو بە بێ هیچ پێوانەیێکی قانونی، و تەنیا لە چوارچێوەی حەزی تەشکیلاتی خۆیان و بۆ بزرکاندنی کۆمەڵگەی کوردستان، دەستیان کرد بە دابەش کردنی زەوی و مەرتەع لە چوارچێوەی مەبەستی جوانی وەک زەوی دەبێ بۆ جوتیار بێ بە شوێن ئامانجە دزێو خراپەکانیانەوە بوون و لەو ماوەدا چەندین ئاغاو مالیکیان لە سەر ماڵ و جێ ژیانیان ئاوارە کردو بوونە هۆی تێکدانی ئارامی لە ناوچەی دیواندەرەو تیلەکۆی سەقز.

لە لایێکی دیکە چەندین لایەن هەوڵی سەرەکیان ئەوە بوو لە کەسایەتی و پێگەی مامۆستا شێخ عیزەددین حوسەینی کەڵکی نابەجێ وەرگرن و بە داخەوە هەر بە ناو مامۆستا شێخ عیزەددین یان، وەک ڕێبەری خەڵکی کوردستان دەزانی بەڵام لە ناوەرۆکدا بە شوێن ئامانجی تایبەتی خۆیانەوە بوون.دیارە بە داخەوە هەر ئەو لایەنانە هەوڵیاندا کە لە نێوان مامۆستا شێخ عیزەددین و مامۆستا سەید جەلال حوسەینی و کاک ئەحمەد موفتی زادە ناکۆکی دروست بکەن و دەکرێ بڵەین لەو کارەیاندا هێندێک لە ئامانجەکانیان پێکا.

(دیارە ئەو بەشە لە باسەکە زۆر هەڵدەگرێ بەڵام هەر بۆ بەرچاو ڕوونی ئەوەندەم باس کرد)

تا ستەمم لە سەرە ڕێی خەباتم لەبەرە



فەرمانی جیهادی خومەینی و زیان و ئەزموونەکانی {لاپەڕەی یەک }


پەیامی ڕێکخراوی لاوان بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی لاوان
{ لاپەڕەی دوو}


شەرەفی خەباتکاریکی ڕاستەقینە، ناکڕدرێ { لاپەڕەی دوو }



لە ئارشیڤی دیمانەکانی مامۆستا سەید جەلال حوسەینی{لاپەڕەی سێ}


یادی سەروەران
{ لاپەڕەی چوار و پێنج }

ڕاگەیندراوی سازمانی خەبات بەبۆنەی فتوای جیهادی خومەینیەوە
{ لاپەڕەی حەوت}


مەزادی پۆست مۆدێڕن
{لاپەڕەی {حەوت}


ماڵ، مافی مرۆڤەکان یان هیوایێک!.
{ لاپەڕەی حەوت}


چەند هەواڵ و ڕووداوی ئێران و جیهان{ لاپەڕەی هەشت}

# پەیامی ڕێکخراوی لاوانی خەبات بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی لاوان!

**هاونیشتمانیانی خۆڕاگر!**

**لاوانی خوێنگەرم و تێکۆشەر!**

بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی لاوان، گەرمترین پیرۆزبایی تان پێشکەش دەکەین و هیواخوازین کە ئەو ڕۆژە ببێتە هەوێنی یەکگرتوویی و هاودەنگی و هاتنەدیی ئاوات و ئامانجەکانی لاوان و خەڵکی بەشەرەفی کوردستان. ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان لە ساڵی ١٩٩٩ زاینی ڕۆژی ١٢ی ئاگوستی وەک ڕۆژی جیهانی لاوان ناساند، کە بەم بۆنەوە لە وڵاتانی جیهان چالاکی جۆراوجۆرو بەرنامە و کۆڕ و کۆنفرانس بۆ پاڵپشتیکردن لە بەرنامە و پرۆژەکانی لاوان و گوێگرتن لە بیرورا و بۆچوونەکانیان بەڕێوە دەچێ. لە سەرانسەری جیهان هێز و توانای لەبن نەهاتووی لاوان بەهێند وەردەگیرێ و هەوڵ دەدرێت پێداویستییەکانی ژیانێکی شایستە، هەلومەرجی لەبار و ئاستی بەرزی خوێندن، هەلی کار، پاڵپشتی دارایی و دەروونیان بۆ فەراهەم بکرێ، چونکە لاوان لە خزمەتکردن بە وڵاتەکانیان دەوری سەرەکی دەگێڕن.

سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران هەر لە سەرەتای دامەزرانیەوە بە گرینگی لە بەهرە و تواناکانی لاوانی ڕوانیوەو لاوان لە تەواوی ئۆرگانەکانی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران چالاکانە خەبات و تێکۆشانیان درێژەپێداوە. وە بە سەدان لاوی بەئەمەکی ڕیزەکانی سازمانی خەبات نەترسانە دژ بە داگیرکەرانی کوردستان جەنگاون و لە پێناو ئازادی نیشتمان گیانی پیرۆزیان بەخت کردو بە پلەی بەرزی شەهادەت گەیشتوون. سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران لە درێژەی بەرنامە و پلانەکانی بۆ زیاتر هێنانە پێشەوەی لاوان و بەرزنرخاندنی ئەرک و ماندووبوونیان، بڕیاری دامەزراندنی ڕێکخراوی تایبەت بە لاوانی داو لە ١١ی بانەمەڕی ١٣٩٠ کۆچی خۆری ڕێکخراوی لاوانی خەباتی کوردستانی ئێران دامەزرا.

ڕێکخراوی لاوان بووە پێگە و مینبەرێکی مەزن بۆ زیاتر گەیاندنی پەیام و دەنگی دلێری لاوانی ڕیزەکانی ڕێکخراوی لاوان و سازمانی خەبات. وە بە دامەزراندنی ڕێکخراوی لاوان، خەبات و تێکۆشانی لاوان گوازرایەوە بۆ قوناغێکی سەرووتر و پەیامی پاڵپشتی و گرینگی پێگەی خۆیان لە سازمانی خەباتەوە پێگەیشت.

هاونیشتمانیانی هێژا! لاوانی خەباتکار! لە کاتێکدا لاوانی جیهان بەبۆنەی گەیشتن بە ئامانج و ئاواتەکانیان ئاهەنگی سەرکەوتن دەگێڕن، بەداخەوە لە کوردستان و ئێراندا لاوان و خەڵک لە ژێر دەسەڵاتی گەندەڵی ڕژێمی ئاخوندی دەناڵێنن و لە سەرەتایی ترین مافەکانی مرۆڤ بێ بەشن. ڕژێمی دیکتاتۆری ئاخوندی نەک ژیانێکی شایستە بە لاوان و خەڵکی کوردستان و ئێران ڕەوا نازانێت، بەڵکو بە بەرنامە و پلانی قێزەون و نامرۆڤانەی وەک زیندانی کردن، شکەنجە و سێدارە هەوڵی بێهێزکردن و لەناوبردنیان دەدات. بە گوێرەی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی هەنگاو، تەنها لە ماوەی وەرزی بەهاری ساڵی ١٣٩٩ لانیکەم ٥٤ کۆڵبەر کوژراون و یان بریندار کراون، ١٤ هاووڵاتی لەسێدارە دراون، ١٢ بەدکراو لە بەندیخانە گیانیان لە دەست داوە، ٧٦ هاووڵاتی دەستبەسەر و ١٧ هاووڵاتی حوکمی بەندکران و لێدانی قامچییان بە سەردا سەپاوە و ٥٢ هاووڵاتی خۆیان کوشتووە، کە ئامارێکی مەترسیداری خراپی بارودۆخی مرۆییە لە کوردستان و ئێراندا. لە لایکی دیکەوە قەیرانی ئیعتیادو زۆری ژمارەی ئاڵودەبووان بە ماددەی هۆشبەر گەیشتووەتە ئاستێکی مەترسیدار. بە گوێرەی ڕاپۆرتی ناوەندی ڕووبەڕووبوونەوەی ماددەی هۆشبەر لە ئێران، ٢ ملیۆن و ٨٠٠ هەزار گیرۆدەی ماددەی هۆشبەر لە ئێراندا هەیە و ڕۆژانە ژمارەیەکی زۆری ئاڵوودەبووانی ماددەی هۆشبەر کۆچی دوایی دەکەن.

بەپێی یاسا بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر لە ئێراندا سزای قورسی هەیە و هەندێک جار دەگاتە سزای سێدارە، ئەمە لە کاتێکدا کە ڕژێمی دیکتاتۆری ئاخوندی هۆکاری سەرەکی بڵاوکردنەوەی مادده هۆشبەرەکانە و لە ڕێگەوە، لاوانی پێ لاواز و نەخۆش دەخات و دواتریش سزای زیندان و مەرگیان بەسەردا دەسەپێنت.

بێکاری و هەژاری و بێ ماڵی ژمارەیەکی تری کێشە نەبڕاوەکانی لاوان و دانیشتوانی کوردستان و ئێرانە. بە گوێرەی ئامارێکی فەرمی ڕژێم ٣.١٦%ی خەڵکی ئێران بێکارن کە ئەم ئامارە دووئەوندە و زیاتر لە ڕێژەی دروستی بێکاری لە ئێران کەمترە. لە هەموو ئەمانەش کوشندەتر، بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆڤید-١٩(کرۆنا) یە، لەسەرتادا شاردنەوە و دواتر هەڵسوکەوتی نەزانانەی دەسەڵاتدارانی ڕژێمی ئاخوندی بووە هۆکاری لە کۆنترۆڵ دەرچوونی ڕێژەی تووشبوونی هاونیشتمانیان بە ڤایرۆسەکە. بەگوێرەی ئاماری نافەرمی، مردووان بە ڤایرۆسی کۆڤید-١٩(کرۆنا) لە ئێران زیاتر لە ٨٥ هەزار کەسی تێپەڕاندووە کە ئەمەش چەند بەرابەری ئاماری ڕاگەیاندراوی ڕژێمی ئاخوندی ئێرانە. دەستەی بەڕێوەبەریی و ئەندامانی ڕێکخراوی لاوانی خەبات هاوبەشی خەم و ناخۆشی هاونیشتمانیانی کوردستان و ئێرانین، سەرەخۆشی بە خانەوادەی کۆچکردووانی نەخۆشی کرۆنا ڕادەگەیێنین. ئاشکرایە کە ڕژێمی ئاخوندی بەڵایەکی مەترسیدارە کە بەرۆکی ئێران و ناوچەکە و جیهان بەگشتی و لاوان و خەڵکی کوردستانی بەتایبەت گرتووە و بۆ هەمیشە وەک پەڵەیەکی رەش لە مێژووی مرۆڤایەتیدا دەمێنێتەوە و تەنها چارەسەر بۆ ئەم بارودۆخە نالەبارە ڕووخان و لەناوچوونی ڕژێمی خوێنڕێژی ئاخوندیە. ئێمە لاوانی ڕیزەکانی ڕێکخراوی لاوان و سازمانی خەبات لە پێناو دەستەبەر کرانی مافەکانی لاوانی بێ بەشی کوردستان و بۆ ڕووخانی یەکجاری ڕژێمی دیکتاتۆری ئاخوندی و ئازادبوونی نیشتمان، لە خەبات و تێکۆشان شێلگیرانە بەردەوام دەبین. جارێکی تر پیرۆزبایی ڕۆژی جیهانی لاوانتان پێدەڵێین. بڕوخێ ڕژێمی دیکتاتۆری ئاخوندی. سەرکەوێ خەباتی ڕەوای گەلەکەمان.

ڕێکخراوی لاوانی خەباتی کوردستانی ئێران دەستەی بەڕێوەبەریی




# شەرەفی خەباتکارێکی ڕاستەقینە، ناکڕدرێ!!

**ماردین زاهیدی**



بازنەی خەبات مەیدانێکە بۆ دەرخستی مرۆڤایەتی و چاوپۆشی لە داخوازی تاکە کەسی کە تێکەڵە بە فیداکاری و کەسایەتی خەباتکار دەگەینێتە عەرشی کەماڵ.نیەت لە موبارزە ڕەنگە بۆ هەرکەسێک مانای تایبەتی بە خۆی بێت، هێندێک جار بەبۆنەی بەدەست هێنانی دەسەڵات و ماڵ و مناڵ و هێندێک جار بەبۆنەی خۆشەویستی و جەلال و گەورە بوون و یان تەنیا وەکو هیستریک کە لە ڕووی هەڵقوڵانی هەستی لاویەوە بێت. بەڵام ئەوەی کە ڕاست و ڕوونە، لە ڕەوانگەی مرۆڤایەتی و کۆمەڵگای مرۆڤیەو، ئەو کەسانەی کە کەماڵ و مرۆڤایەتییان لە سەرەوەی جیهانی مادی، بەردەوام هەڵبژاردووە و تەنانەت سەختییەکانی ژیانیان بە فیداکردنی گیان و ماڵ و ژیانی خۆیان قەبووڵ کردووەو لە ڕێگەی خەبات و لە هیچ شێوە تێکۆشانێک کۆتاییان نەکردووە، جێگایەکی تایبەتتریان لە نێوان خەڵک و لە نێو دڵ و گیانیان هەیە. کەسانێک کە ئینسان بونیان لە سەرەوەی مالیک و والی بوون هەڵبژارد و نەفسی ڕاستەقینەو ڕێگای سەرکەوتنیان دۆزیوەتەو تا بۆ هەتا هەتایە نەمرن و هەبوونیان ببێت.


یەکێک لە گەورە پیاوانی مێژووی موبارزەی کوردستان ماموستا سەید جەلالی حوسەینی بوو، زانای گەورەو تێکۆشەرێکی فیداکار لە ڕێگەی ئینسانیەت و نیشتمان پەروەری، گەورە پیاوێک بە بیرۆ بۆچوونێکی نەمرانە کە ٦٥ ساڵ لە تەمەنی لە ڕێگای خەبات بوو و تا دواین هەناسەی هیچ کات لە موبارزە دەستی نەکێشاو و پاشان، ڕێبوارانی ڕێگاکەی درێژەدەری ڕێگای ڕووناک و پڕ لە شانازی ئەو کەسایەتییە گەورەن. ژیانی ماموستا سەید جەلالی حوسەینی خاوەنی هەزاران لاپەڕەی زێڕین و درەوشاوەیە کە، ئەستێرەی ئاسمانی خەباتی مافخوازانەی لە پێش چاو و بیر یادمان زیندوو هێشتۆتەوە.


یەکێک لە لاپەڕە زێڕینەکانی خەباتی ماموستا کە لەم ڕۆژانە زۆر شایانی باسە، پێشنیارێکە کە لە لایەن خومەینی و بە نوێنەرایەتی خەڵخاڵی ((کە مێژووی ناسیاوی لەگەڵ ماموستا شێخ جەلال دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پاشایەتیی ئێران و ئەو کاتەی ناوبراو دوور خرابۆوە بۆ شاری بانە و بە حوکمی ئەوەی ماموستایش دژی دەسەڵاتی شاهەنشایی بوو، خاڵخاڵیش ڕووی لە ماموستا کردبوو، ماڵی ماموستا بوو بووە شوێنی حەوانەوەی ناوبراو)). چەندین جار خاڵخاڵی دوای سەرکەوتنی ڕژێمەکەیان، نامەی بۆ ماموستا ناردووە و داوای لێ کردووە بگەڕێتەوە و خۆی دوور بگرێ لە ئۆپۆزسیۆن بوون و خۆی بە کردەوە کوردستان بەڕێوە ببات، بەڵام خاڵخاڵی هێشتا ماموستای نەناسیبوو، نەیدەزانی کە ماموستا لە پێناو کوردستاندا ئامادەیە سەروماڵ و گیانی فیدا بکا، ئیتر چۆن بە بەڵێنی پلەوپایە لە داواکانی بۆ مافی گەلەکەی پاشگەز دەبێتەوە. ماموستا شێخ جەلال، لە نامەیەکدا وەڵامێکی زۆر توندی بۆ دەنێرێتەوە و دەنووسێت: تۆ کە دەستت تا ئەنیشکت بە خوێنی ڕۆڵەکانی کورد سوورە، چۆن شەرم ناتگرێ و داوام لێ دەکەیت دەست لە شۆڕش هەڵگرم؟!

بۆیە بەو خودایەی کە ئێوە نایناسن و نایپەرستن، هەتا ئەستاندنەوەی تۆڵەی ئەو خوێنانەی بە دەستی ئێوە ڕژاون، ڕیزی شۆڕش و خەبات و بەرخودان جێ ناهێڵم. وەڵامێکی بەجێگەو خۆگرتوو کە نیشاندەری پۆڵایین بوونی ئیرادە و ڕاستی و دروستی ڕێگای ڕاستەقینەی موبارزەی مرۆڤانە بوو. هەروەها ئەو کاتەی کە لە سەردەمی موزاکەرات و دانوستانەکانی ڕژێم و حیزبەکانی ئۆپۆزسیون ڕووی دا، دووبارە ئەو پێشنیارە لە لایەن نوێنەرانی ڕژێم بە ماموستا کرا، لە وەڵام دا ماموستا ووتی: ئەگەر ئەتانەوێت مافێک بدەن، ئەو مافە بە خەڵکی بدەن و ئێمە هیچمان ناوێت. ئێوە مافی خەڵک بدەن، ئێمە هەر لێرە دەمێنین و چەکیش دادەنێین!!!

لەو کاتەوە تا ئیستە سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران قەد باوەڕی بە موزاکرەو دانووستان لەگەڵ ڕژێمی خوێنڕێژ و دیکتاتوری نەبووە دانوستانی ڕەدکردۆتەوەو ماهیەتی ڕژێمی بۆ دەرکەوتوە، هەر بۆیە ئێمە ڕێبوارانی ڕێگای ماموستا سەید جەلالی حوسەینی لە درێژەی ڕێگای پڕ لە شانازی و سەربەرزانەیدا، هیچ کات لەگەڵ بکوژانی گەلەکەمان ئاشتی ناکەین و تا لە ڕیشە دەرهێنان و ڕووخانیان، سەنگەری خەبات چۆڵ ناکەین.





# لە ئەرشیفی دیمانەکانی مامۆستا سەید جەلال حوسەینی، یەوە.

## وتووویژی بەرێز مامۆستا سەید جەلالەددینی حوسەینی لەگەڵ گۆڤاری k21

سازدانی دیمانە: ئەحمەد سەفا

**مامۆستا سەید جەلالەددین حوسەینی یەکێک لە کەسایەتیە شۆڕشگێرەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، پیاوێکی ئایینیەو لە مێژ ساڵە دژ بە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی خەبات دەکات و بۆ مافی نەتەوایەتی گەلەکەی تێدەکۆشێ، بۆ ئەو مەبەستەش لەگەڵ چەند کەس لە مامۆستایانی هاوبیری لە دوای شۆڕشی سەرانسەری گەلانی ئێران و لەگەڵ دەسپێکی سیاسەتی نامرۆڤانە و کورد کوژی کۆماری ئیسلامی(سازمانی خەباتی کوردستان)ی دامەزراندووە تایبەتمەندی ئەو ڕێکخراوەیە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەوەیە کە یەکەم ڕێکخراوی سیاسیە کە باوەڕی بە بنەماکانی ئایینی ئیسلام هەیە بۆ دابین کردنی مافی نەتەوایەتی کورد تێدەکۆشێ و دژ بە کۆماری ئیسلامیە، تەنانەت جگە لە ڕووخانی ئەو ڕژیمە و هاتنە سەر کاری نیزامیکی فیدراڕاڵی دیموکرات لە پێڕەوەکەشی داهاتووە، کە دانوستان و وتوویژ لەگەڵ ئەو ڕژیمەی ڕەت کردوتەوە، لە لایکی تر سازمانی خەبات بە ڕێکخراویکی سیاسی دینی ناژمێردرێ، چونکە مەسەلەی نەتەوایەتی و دەردو مەینەتی کورد ئەساسی تێکۆشان و خەباتی بەردەوامیەتی لەم قۆناغەداو زیاتر خۆی بە ئامانجەکانی کۆمەڵەی(ژ.ک)لە ساڵانی دووری سەدەی ڕابردوو دەبەستێتەوە.ماموستا شێخ جەلالی حوسەینی لەگەڵ سیاسەتوانیەکەی شاعرێکی بە توانا و نوسەریکی زمان پاڕاو، کوردی زانێکی سەرکەوتوە. ئەو لایەنە ئەدەبییەی خەباتی مامۆستا با بۆ دیمانەیکی تر بێت.**

**پرسیاری ١: ژیانی بنەماڵەیی و شوێنی لە دایک بوون و خوێندن بە گشتی و دەرەجەی خوێندن و مەلایەتیمان بۆ باس بکە؟**

وەڵامی ١_ ناوم جلال الدین حۆسەینی کوڕی خوالێ خۆش بوو زانای خواپەرەست شێخ صاڵحی واژەیی بەرزنجەییم، ڕۆژی جومعە ٢٦ ڕەجەبی ١٣٤٦ کۆچی ی مانگی لە گەڕەکی خواروی شاری بانە لە دایک بووم لە شەش حەوت ساڵیدا نراومە بەر خوێندن لە خزمەت باوکی ڕەحمەتیم دا قورئان و فارسی و بەراییەکانی نەحوو و سەرفم خوێندوە و دوای کۆچی باوکم چوومە فەقییەتی، چی عیلمی لە مەدرەسەکانی کوردستان دەخوێندران من خوێندومن لە ناوچەکانی سەردەشت و بانە و موکوریان و مەهاباد و شنۆ و لاجان و پشدەرو مەریوان خوێندومە و ئیجازەی مەلایەتیم لە لای خوالێخۆش بوو زانای بەناو بانگ ماموستا مەلا باقری مەریوان وەرگرتووە، ساڵێک لە ناوچەی بۆکان مەلا بووم، دوایی هاتمەوە شاری بانە سەر ئەو مزگەوتەیکە باوکی ڕەحمەتیم تەدریس و ئیمایەتی لێ دەکرد. ٢٤ ساڵ تەدریسم کردوە و ناتوانم پلە بۆ خۆم دیاریکەم ئەوەندە دەزانم کە شاگردو فەقی لێم ڕازی بوون و تا ئەندازێک لە ناو مەلاکاندا بەرچاو بووم.



**پرسیاری٢: پەیوەندی سیاسی و هۆی سەرهەڵدانی بیری نەتەوەیی جەنابت چی بووە؟**

باوکی ڕەحمەتیم وەک زۆرینەی خەڵکی کوردستان، پەهلەوی و حکومەتەکەی ناخۆش دەویست، بە هەموو بزوتنەوەیەکی چکۆڵەی کوردیش وەک بزوتنەوەی سوێسنەکانی بەری سەردەشت دڵخۆش بوو. ڕوداوەکانی شێخ مەحمودی لە پشتی کتێبان نووسیبووەو بەڕێزە و بە مەلیکی ناو دەبرد و (دامت سطوتەی) بۆ نووسیبووە ئەوە لەسەر دڵی ئێمە شوێنەواری کوردایەتی دادەنا.

**پرسیاری٣: مێژوی (ژ.ک)، چۆنیەتی پێوەندی، شوێنی پێوەندی، دەورت لە ژ.ک ئەو کەسانەی کە دەتناسین، بیوگرافی ئەوکەسانەی کە لەگەڵت بوون بۆمان باس بکە؟**

کۆمەڵەی ئازادی خوازی کوردستان ١٣١٧ کۆچی خۆری ١٩٣٨ زایینی پێکهێندرا بوو لە ١٣٢٠ کۆچی خۆری ١٩٤١ زایینی کرا بە کۆمەڵەی ژیانەوە کورد ژ.ک. کۆمەڵەی ژ.ک لەسەر چوار کۆڵەکە دانرا بوو، ئیسلامەتی، کوردایەتی، شارستانیەت، سوڵح و ئاشتی، بەشێوەیەک، کە هەموو قانوون و مەرام نامەکانی لەگەڵ شەریعەتی موقەدەسی ئیسلام تەتبیق دەکرێ، ئەمجارێ دەخرێتە کار. کۆمەڵە ژ.ک پڕ بە پێستی کوردەواری بوو دەی توانی بێ ناموێی تێکڕای گەلی کورد بهێنێتە ڕیزی موبارزەو خەباتەوە بۆ ڕزگاری کوردستان و گەڵەکەی، چونکە هەموو ویستەکانی گەلی کوردی تێدا بوو. بەهاری ١٣٢٤ ی کۆچی خۆری لە بانەوە چومە موکریان کە چووم باس هەر باسی کۆمەڵەی ژ.ک بوو، بەڕێنوێنی ماموستا شێخ عزالدین و خوالێ خۆش بوو حاجی ڕەحماناغای ئێلخانی زادە (موهتەدی) ئامادە بووم بچەمە کۆمەڵەی ژ.ک وە. لەگەڵ دوو فەقێی ڕەفیقم سید تاهیری شەریفی واژەیی و مەلاساڵح خۆڕخۆڕەیی چوینە بۆکان بۆ لای مەلا عبداللەی حەسار باسی کۆمەڵەی ژ.ک ی بۆ کردین و حەوت سوێندی داین: بەخودا و قورئان و پێغەمبەر(ص) شەمشیرەکەی حەزرەتی عومەرو چەند سوێندیتر کە لە بیرم نەماون، زۆر شادمان بووین کەوتینە دنیایێکی ترەوە. فەقێیێکی حەڤدە هەژدە ساڵە بووم، جۆی لە دڵسوزی بۆ کوردو بۆ کۆمەڵەی ژ.ک باسکردنی کوردایەتی، هیچ دەوریکی تەشکیلاتی پێ سپێراووم نەبووە، تەنیا بیوگرافی دوو ڕەفیقەکەم دەتوانم بڵەم: سەید تاهیری شەریفی دەستی لە خوێندن هەڵگرت و دانیشت خەریکی کاسبی بوو، دوایی لە سوێرۆێی ڕەبەت مەلا و کەشاوەرز بوو ١٣٣٨ کۆچی خۆری کە لە سەرانسەری کوردستان دەوڵەتی شا خەڵکی گرت سید تاهیریش گیرا و دوای نزیک بە چوارساڵ بە نەخۆشی ئازادکرا و دوای سێ چوار ساڵ فەوتی کرد، مەلا صالحی خۆڕخۆڕەش لە ناوچەی سەقز مەلا بوو، ڕژیمی ئاخوندان زۆریان بۆ هێنا بوو کە هاوکاریان بکا، نەی کرد، ناچار دەستی لە مەلایەتی هەڵگرت و لە سەقز دوکانی دانا، واش لە کۆڵی نەبونەوە لە زیندانا بە شکەنجە شەهیدیان کرد.

**پرسیاری ٤: بوونی ژ.ک بە حیزبی دمکرات هۆکەی، ڕوانگەی جەنابت لەو کاتەدا، لەگەڵ ح د ک کەوتن، چالاکی، هاوڕیانت، شوێن و پلەت لە حیزبدا؟**

ژ.ک نەکراوە بە حیزبی دمکرات بەڵکو حیزبی دیموکڕات دارێژراوێکی تایبەت بوو بە بەرنامەی کوردستان لەگەڵ بەرنامەی تەوریز دەبوو یەک بن. ژ.ک ویستێکی جیاواز بوو لەگەڵ ویستی شۆڕەوییەکان نەدەهاتەوە، من هیچ کات سەر بە حیزبی دیموکڕات نەبووم گەنجێکی ١٧ ساڵە بووم وەک زۆران لە قوڵایی کارەکە و ئاڵوگۆڕەکە نەدەگەییشتم هەر لەسەر باوەڕی ژ.ک بووم و چالاکیێکی ڕەسمیم نەبووە تا شوێن و پلەم بێ.

**پرسیاری٥ : کاتی پێک هێنانی کۆمار لە کوێ بوویت؟ ڕات چ بووە؟ لەو یەک ساڵەی تەمەنی کۆمار جەنابت چکارە بووی؟**

کاتی پێک هێنانی کۆمار لە دێی حەمامیانی بۆکان فەقێ بووم لە بەهاری ٣٥ دا بە فەقێیەتی چومە مزگەوتی بازاڕی مەهاباد زۆرم هاتوچوی دەفتەری ڕۆژنامەی کوردستان دەکرد بۆ لای سەید محەمەد حەمیدی و مەلاحەسەنی قزڵجی، شیعرم دادەنا بووم دەبردن دەستە شیعرێکی سەرەتاییانەیان لە ڕۆژنامەی ژمارەی ٦١ دا بۆ چاپکردم ، هیچ کارە نەبووم.

**پرسیاری٦: ڕات لەسەر کۆمار و تێک چوونی کۆمار چیە؟**

کۆماری کوردستان مانای گەیشتنی ئەو گەلە بە مافی خۆ بەڕێوەبردن، بۆ کەسێک کە خوازیاری ئازادی گەلەکەی بێ پێک هاتنی کۆمار زۆر خۆشە هیچی ناگاتێ بەڵام، جەماوەری کوردستان بەمەفادی کۆمەڵەی ژ.ک دڵخۆش تربوون و ئەویان بە خۆماڵیتر دەزانی، زۆری پێ نەچوو زۆران لەوانەی کە بە گەرمی لە کۆمەڵەی ژ.ک هەڵدەسوڕان پاشەکەشیان کرد بە تایبەت کە لە بەهاری ٢٥ دا هەواڵی کشانەوەی هێزەکانی شەوڕەوویان لە ئازەربایجان بیستبوو کۆماریان بە بێ پشتیوان زانی بوو کە بە ئومێدی پشتیوانی ئەوان کۆمار پێک هاتبوو، ناهومیدی کەوتبوە دڵی زۆران، دنانەت هێندێ ئەرکانی حوکومەتی کۆماریش کەوتبوونە چارەسەری کاری خۆیان. پێشەوای ڕەحمەتیش لە بیری چارەسەری کاری میللەتەکە دا بوو وەک پێشەوەری نەڕۆیشت، چەندی بۆیکرا هەوڵی دا کەس زیان نەبینێ هەرچەند بە بەڵێنی ڕژیمی شا دڵنیا نەبوو، بەڵام پێی وابوو ئەگەر بڕوا خەڵکێکی زۆر لەناو دەچن، پێ نەچوو دژمنی بێ عەهد گرتی و لە دادکای بێداد دا موحاکمە کرا قارمانانە وێستا بە ئەندازیەک کە بەجەنگێکی خوێناوی چەند ساڵە ئەوندە وەری دژمنی پێ نەدەشکا و خۆی و گەلی کورد ئەوەندە پێی سەربەرز نەدەبوون. ڕوحی خۆی و هەموو شەهیدانی کۆمار شاد.

**پرسیاری٧: چالاکی سیاسی و نەتەوەیی لە ساڵانی حکومەتی موسەدیق و دەورت لەو سەردەمە چی بووە؟**

دوای میللی کردنی نەفت، موسەدیق دەیویست نیزامی سەڵتەنەتی ئێران بکا بە مەشروتەی ڕاست، حکومەتی ئێران ببێتە حکومەتێکی پارلمانی لە ژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆری شا دەربهێنێ و شا ببەسترێتەوە بە مەجلیسەوە و مەجلیس سەربەخۆ بێت لە بڕیاردان دا، موسەدیق نەیدەویست شایەتی نەمێنێ و نەیدەویست نیزامی ئێران بکاتە کمونیستی بەڵام حیزبی تودە دەستی کرد بە شیعاری کمونیستی و ئەمریکاو دەوڵەتە سەرمایەدارەکانیان داچەڵەکاند و ئەوانیش خۆکەوتن، بەسەر لەشکر زاهیدی کودەتا و ئینقلابیان کرد لە دژی موسەدیق و ئیسلام خوازان، شایان دوای هەڵاتن گێڕاوە سەر دەسەڵات، شیعارە ناوەختەکانی حیزبی تودە نەیانهێشت بەرنامەی موسەدیق بێتەجێ و توشمان نەبێ بە توشی ڕژیمی وەلایەتی فەقیهەوە. ئاڵوگۆڕێک ئەگەر ببوایە لەسەرەوە بۆ هەموو ئێران دەبوو، من فەقی و دەرس خوێنی تودە نەبووم تا تێکەڵ بەو دروشم و شیعارانە بم، خۆ باسێکیش لە کوردایەتی لە ئارادا نەبوو.

**پرسیاری٨: چالاکی و پێوەندیت لەگەڵ بزوتنەوەی چەکداری ٤٦ _٤٧ لە کوردستانی ئێران هەبووە؟**

بەر لە ئینقلاب جێ ئیعتمادو باوەڕی هەموو موخالیفانی شا بووم زۆر نهێنیان لای من دەدرکاند و ڕژیمی شا منی بە موخالیفی خۆی و دۆستی دوژمنانی خۆی دەزانی و تەبلیغاتی کوردایەتی، دژایەتی ڕژیمی شام دەکرد بە سەروو، دەروو، بۆ دەرباز کردنی قاچاغان بە پێی توانا هەوڵم دەدا بەڵام لەگەڵ هیچ حزبێک نەبووم.

**پرسیاری٩: چالاکی سیاسی لە سەردەمی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران و دەوری جەنابت لە بانە تا شەڕ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی چی بووە؟**

کاتێ ڕاپەڕین لە ئێران لە دژی ڕژیمی شا دەستی پێ کرد و ڕاپەڕینەکە لە شارەکانی غەیری کورد بوو بەڕاپەڕینی جەماوری، دەبوو لە کوردستانی ڕاپەڕین جەماوەری بێ. لە کوردستان چەند مەلاییێک کە بە ئینقلابی و کورد و ناخۆشەویستی ڕژیمی سەڵتەنەتی ناسرا بوون، کەوتنە پێش خەڵکی ئازادی خوازەوە، من یەکێک بووم لەو مەلایانە کە بە ئینقلابی و ناڕازی دەناسرام و شیعری میللی و ئینقلابیم دەنوسی و دەکەوتە دەستی لایەنە سیاسیەکانی کوردستان.

خەڵکی بانە لەو هەلە زێڕینەدا چاوەڕوانی من بوون کە بکەومە پێشیان و ڕاپەڕین لە ناوچەی بانە دەست پێ بکا. ئەوەبوو لە بەخاکسپاردنی دوو لاو هەردووک بە ناوی ناسر لە ژێر تەراکتۆردا یەکیان مرد و ئەوەی تریان قسوری ژاندارم بووە هۆی مردنی، شەوێ بردمانە گۆڕستانی سڵمان بەگ، دوای بە خاک سپاردنیان قسەم بۆ خەڵک کرد، دوای قسەکانی من جەوانەکان دەستیان کرد بە درود گوتن و شیعار دان تا ناو شار. دوای ڕاپەڕین نەپساوە، دەهاتنە بەر دەرگای من و پێشیان دەکەوتم و وتاری پڕ حەماسە و ئاورینم دەدا. ڕاپەڕین بە شێوەیەک گەرم و گوڕ بوو کە لە هەموو ناوچەکانی تری کوردستان گەرمتر بوو هەر زوو چەکمان هێنا ناو شار. مەترسی ئەوە دەکرا کە ڕووداوی پاوە لە بانە تیکرار ببێتەوە ئامادە باشیمان ڕاگەیاند تا دڵنیا بووین کە بەرنامەیێکی وەک بەرنامەی پاوە لە بانە ناکرێ لە ئارادابێ، ئەمجار شارمان ئاسایی کردەوە. خەڵکی بەشەرەف و ئازاکەی بانە بە هەموو چینەکانیەوە لە تەزاهورات وڕێپێوان و دەربڕینی ئاڵوگۆڕ خوازی بە دڵ بەشدار بوون و هاوڕەنگی و هەودەردیان لەگەڵ شارەکانی کوردستان دەکرد. کە هێزەکانی ڕژیم لە سەردەشت وسەقزو بۆکان و سنە تەقەیان لە خەڵک کرد و خەڵکیان کوشت، بۆ هەموو شارەکان بە ژمارەیێکی زۆرەوە، دەچووین و لە هەموویان قسەم بۆ خەڵک دەکرد. لە یادمە کە بۆ سەردەشت نزیک بە ٨٠ ماشین چووین و ژمارەیک کلاشینکۆف و دەمانچەمان پێ بوو. هەواڵی گەرموو گوڕی و ڕێک و پێکی بەرنامەی ڕاپەڕین لە بانە، بە هەموو ناوچەکانی کوردستان گەیشتبوو. لە زۆر جێگای کوردواریەوە خەڵک بۆ بینینی گەرم و گوڕی و ڕێک و پێکی ڕاپەڕینی خەڵکی بانە دەهاتن. ئەوەی لە دەستم هات کردم هیچ بە چاو لێکەری لە جەنابی ماموستا شێخ عزالدین نەبوو، وەک یاسین سەردەشتی دەنوسێ، ئەوەی کردومە لە ڕێ کوردایەتی و حەق پەرەستیدا لە سەر باوەڕ بووە و ئەوەی لەمەولا لە دەستم بێ، لەسەر باوەڕ دەبێ و منتەنی سەرکەس نیە ئەوەش بۆیە دەڵەم کە ناڕەوایە لە زەحمەت و کاری کەس تەعبیری خراپ کرێ ئەو جۆرە هەڵوێستە ناڕەوا و ناڕاستانە من سارد ناکاتەوە لە کاری ڕەواو پێویست، وا چاکە کەس لە نوسیندا چێو لە تاریکی نەکوتێ. تا دوای هاتنی ڕاپەڕین و سەرکەوتنی ئینقلاب کۆبونەوە لە مزگەوتەکان دەوامی بوو کە شاپوور بەختیار ڕۆیی و دوامیی پێتەکی شا و حوکمەتەکەی باری کرد، خەڵک بە هیوا بوو چی لە پادگان دایە بکەوێتە دەستیان، بەڵام من داوام لە خەڵک کرد وا چاکە پادگان دەست لێ نەدەین، سوپاسی ئەو خەڵکە حەق ناسەی بانە دەکەم کە بە قسەیان کردم. کەسانی جێی باوەڕم بۆ ئاگاداری لەوێ دانا و فەرماندەی گورهانەکەمان کە نەفەرێکی سنەیی بوو لەوێ هێشتەوە. پێم وابوو دەبێ ڕاوەستین جێداری حکومەتی شا لە مەرکەزەوە ببینین کە چۆن دەبێ هەڵوێستی. من لە پاییزی زووەوە بەرپرسی شۆڕای شار بووم کە پێکمان هێنا بوو، دواییش ناوەکە گۆڕا، بوو بە مەسئولی کومیتە. شارەوانی لە ژێر دەستی کومیتەدا بوو و ئەمنیەتی شار دەپارێزرا. تەنانەت ژمارەیک چەکدارمان نارده سنە بۆ پاراستنی تەلەڤزیوون و ئوستانداری.لە بەهاردا چوومە سنە و داوام کرد لە دەوڵەتی تازە سازی خومەینی کە چوارسەد برنەومان بداتێ، بۆ پاراستنی مەرز، حازر نەبوون بیدەن، هەڕەشەم کرد کە پادگانی بانە هەڵدەگرم و دێمە سەر پادگانی سەقز، دوای نزیک بە سەعاتێک جواو موافقە هاتەوە، لە هەنگی ژاندرمری چوارسەد برنەوی تازەم وەرگرت بە چل هەزار فیشەکەوە، بردمە پادگانی بانە، دوای چەند ڕۆژ بەپێی لیست دامنە دەست خەڵکی دێهات. لە مانگی بانەمەڕدا لەگەڵ ژمارەیەک مامۆستای ئایینی و دوستان بە مەبەستی تەبلیغات سەفەرێکی جنوبی کوردستانم کرد، لە سەقزو بۆ سنە و کامیاران و ڕەوانسەر و جوانڕۆ پاوە و نودشەو نەوسود و دزلی و مەریوان لە هەمووی قسەی کوردایەتی و یەکگرتوییم بۆ خەڵکی ئەو ناوجە کرد. لە هاوینی ئەو ساڵەش دا سەفەرێکی ترم کرد، تا ڕەوانسەر و وەلەدبەگی ڕویشتین، بەڵام بەهۆی تەقینەوەیەک لە بازاڕی بانە کە بریندارو کوژاوی لێکەوتەوە گەڕاینەوە. لە ڕەمەزانی ١٣٥٨ دا نزیک ٧٠ پێشمەرگە چووم بۆ تیلەکۆ بۆ سوڵحی نێوان کەشاوەرزو کۆنە فئوداڵەکانی ئەو ناوچەیە کە چەپەکان بە شەڕیان دابوون و ژمارەیک کوژراو لە هەردوکلا، لە چایخانە سێ ڕێیانی تیکاب مابوونەوە و بە خاک نەسپێرابوون. لەگەڵ ئەوەشدا کە ڕژیم زانیبووی ئێمە بۆ سوڵح چوین نە بۆ شەڕ، هێزیکی زۆری پاسدار هێنا بە سەرماندا و ناچار بە شەڕ هاتین لەگەڵیان، ژمارەیکی زۆریان لێ کوژراو گیرا و فەرماندەکەیان بە بریندار گیرا، ئێمە بێ زیان بووین و تەنیا بە تەقینەوەی خەشابێک بریندارێکی سووکمان بوو. بەو شەڕە زانیمان کە ڕژیم سوڵح و ئاشتی و حەقی میللەتی کورد ناناسێ، جا ئەمجارە چەکی پادگانمان بە نیسبەت زۆری و کەمی بەسەر ئەحزابدا دابەش کرد. دەفتەری مامۆستا شێخ عزالدینیش یەکێک بوو لەو لایەنانە و فەرماندەکەی پادگانمان جواب کرد.


**پرسیاری١٠ : لەگەڵ کۆماری ئیسلامی هەڵوێستی ئێوە، پێوەندیتان بەلایەنەکان، پێوندی لەگەڵ مامۆستا شێخ عزالدین، ڕای ئەو کات و ئیستات سەبارەت بە هێزە سیاسیەکانی ئەو کاتە لە حیزب و کۆمەڵە تا دەفتەری مامۆستا شێخ عزالدینمان بۆ باس بکە؟**


وەک لە پێشەوە گووتم، لە ڕەمەزانی ساڵی ١٣٥٨ دا ڕژیم لە ئێرانشای ناوچەی تیلەکۆ پیلەی بە ئێمە گرت و شەڕی پێ فرۆشتن، دوای شەڕی بەهاری سنە، ئەوە دووهەم شەڕێک بوو کە ڕژیم سەپاندی بەسەر کوردستان دا.

پاشماوە لە لاپەڕەی { 6 }

مامۆستا شێخ جەلال حوسەینی، ئەو ڕێبەرە بوو کە ڕزگاری وبەدەست هێنانی ئازادی و مافە نەتەوایەتیەکانی گەلی بەشمەینەتی کوردی لە یەکیەتی و هاوکاری هێز و لایەنە کوردیەکاندا دەبینی.

# یادی سەرووەران.



شەهید نووری مورادی


شەهید عومەر رەئوفی

## سەرووەرانی گەل: شەهیدان عومەر رەئوفی و نووری مورادی.


ئەوانەی کە لە زانکۆی خەبات و تێکۆشاندا دەرسی فیداکاری فێر دەبن، چ باکیانە لە پێشکەش کردنی بەنرخترین سەرمایەی ژیانیان، تێریژی خوێنی لەسەر کوردستان ڕژاویان ڕێگای خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی نیشتمان بەشکراوی کوردی ڕوون کردۆتەوە و بەو پەڕی قارەمانەتیەوە تێکۆشاون. بۆ خەباتگێڕێکی شەهید چ باشترە لەوە کە لە پێناو گەلە چەوساوەکەیدا شەهید دەبێت و وەڵامی پرسیار و ئەمری خودا دەداتەوە و لە ڕێی پارێزگاری لە نیشتمان و لە ئینسان و لە پێناو مافی چەوساوەکان چ ئەو پیاوانە کە لە بەندیخانەکانی ڕژێمی دیکتاتۆری خومەینی دا دەڕزێنەوە و لە بەندەن و بن بەردان لە سەر پارێزگاری لە دروشمی وەحدەت دەکوژرێن و چ ئەو ژن ومنداڵەی بێ دیفاعانە کە بە تاوانی کورد بوون دەکوژرێن و تاڵان دەکرێن و پەڕیوەی هەندەران دەبن. هەموو تاڵی و ناتەواوی و تەنانەت مەرگیش قەبووڵ دەکا. چ شانازییەک بۆ شەهیدان کاک عومەر و کاک نووری بەرزتر لەوویە کە مەرگێکی پڕ لە شەرافەت، پاش مەرگێکی پێشمەرگانە نەتەوەیەک هەناسە پڕ لە ئاخ وداخ و حەیفیان بۆ هەڵدەکێشێ و وەک ڕۆڵەیەکی خۆیان، وەک برایەکی خۆیان، وەک پارێزەری بوون و مانیان فرمێسکیان بۆ بڕێژن و لە هەمانکاتدا شانازیان پێوە بکەن. چ شانازییەک گەورەترە بۆ ئەو ئیبراهیمانەی ئەو چارەکە سەدەی دوای سەدەی بیستەمی وڵاتی کوردەواری کە بۆ خۆیان کوڕە جوانەکانیان، جگەرگۆشەکانیان، شەهید عومەر وشەهید نووری بەو زینەتی(تفەنگ و فیشەکدان) کە پاشای مرۆڤ و مرۆڤایەتی بۆ قوربانیەکانی کوردستانیان بە پێویست داناوە، بڕازێننەوە و بەرەو قوربانگاکان بیاننێرن. لە 10/ خەرمانی/1364 دا پێشمەرگەکانی سازمانی خەبات لە نێوان بەردەبووک و کانی سێو لەسەر جادەی بانە بۆ خێڵە ڕەش کەمینیان بۆ هێزەکانی ڕژێمی ئاخوندی داناوە. لە ساعەت 30/4 خولەکی ئێوارە دا شەڕ بە توندی دەست پێکرا لەو شەڕەدا زیاتر لە بیست کەس لە ئەفرادی دوژمن کوژران و بریندار بوون و 3 کەسیان لێ بەدیل گیرا و ماشێنێکی تۆیۆتای هەڵگری ئەفرادی دوژمن شکێندرا.

دوای کۆتایی هاتنی شەڕەکە دژمن ناوچەکەی دایە بەر تۆپ و خۆمپارە کە بە داخەوە بوو بە هۆی شەهید بوونی دوو برای هاوسەنگەر، عومەر رەئوفی و نووری مورادی. شەهید عومەر لاوێکی شۆڕشگێڕ و ئازاو بەڕاستی بە هەڵمەت بوو، ئازایەتی و فیداکاری شەهید هەڵمەت هاوتای ئازایەتی هەموو شەهیدەکانی دیکەی ساوان بوو.
شەهید عومەر لە بنەماڵەیەکی ئایینی لە گوندی شەهیدانی بێشکەی قارەمانیەتی، گوندی ساوانی ناوچەی بانە لە دایک بووە. شەهید عومەر بەرەبەرە تەمەنی بەرز بووە بە بارمەتی باوکی خوێندن و خوێندنەوە و نووسین فێر بوو ژیری و ژیکەڵەیی و وردی و بیرکردنەوە و ڕاپەڕین، هەروەک چۆن لەخوە تایبەتەیەکانی شەهید عومەر بوون، دەبوو ببنە ناوێک بۆ ئەو، هەر بەو هۆیەوە ناوی هەڵمەتی لێنرا کە بەڕاستی ناوەکەی پڕ بە پێستی بوو. شەهید عومەر بەرەو قوتابخانە کەوتە ڕێ لە دێ و لە شار درێژەی بە خوێندندا، تا کۆتایی دەورەی ناوەندی قوتابخانەو لەگەڵ تەمەنی کەمدا باوەڕی پێشمەرگانەی هانی دا کە پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراوە نهێنییەکانی خەبات بگرێ. لەوەش زیاتر هەنگاوی هەڵێنایەوە و بە پێی پەروەردەیی بنەماڵەیی و دژایەتی دوژمنانی ئازادی ڕاستەوخۆ هاتە ڕیزی پڕ لە شانازی پێشمەرگایەتی. ماندوو نەبوون و هەوڵ و تەقەلای بێوچانی بوو بە هۆی ئەوەی پلە پلە بچێتە سەرێ هەتا بوو بە ئەندامی ڕێکخراوەی شارستان و بەرپرسی ناوچەی (وەزنێ)....
شەهید نووری مورادی: هەڵکەوتووی ڕیزەکانی خەبات و شۆڕە لاوی خۆڕاگری ناو سەنگەر. تێکەڵاوێک بوو لە خۆشەویستی و ئازایەتی و لەسەرە خۆیی. شەهید نووری لە ناو دڵی پێشمەرگەکاندا جێگەی تایبەتی هەبوو و لە هەر جێیەک باسی ئەخلاق و ئینسانیەت و لە سەرەخۆیی بکرایە شەهید نووری بۆ نمونە ناوی دەبرا.
شەهید نووری پەروەردەی بنەماڵەیەکی زەحمەتکێش بوو. هەژارانی کوردستان بە تێکە خۆشەویستی ئەو بوون دەیویست زیاتر گژەبای ماڵ و ڕانکەری بێگانە کە پڕی حەسانەوەی نەتەوە ژێر چەپۆکەکەمان نەڕووخێنێ. دەی هەویست ئەوەی دەکرێ و ئەوەی بۆخۆی دەیکا هەموو لە قازانجی گشتی شۆڕشی کوردستاندا بێت. شەهید نووری ژێرێکی بە بیر بوو لە نووسراوەکانیدا، لە دانیشتن و قسەکانیدا هاوبیرانی خۆی بەرە و ڕاستی هان دەداو ئەو شێوەی کە پێی وابوو کەڵکی شۆڕشی تێدایە، بە هەموانی دەگووت بیری دەکردەوە و هەوڵی زانستی دەدا. شەهید نووری لەگەڵ ئەوەدا تەمەنی لە 17 ساڵ تێنە پەڕیبوو بۆ چوون و لێزانینی لە پیاوێکی بە تەمەن دەچوو. لەسەر کارو چالاکی لێکدانەوەی باشی هەبوو. نووسراوەکانی پاش ئەو مەرگە پڕ لە شانازییەی ڕێنوێنی هاوبیران و هاوسەنگەرانی ئەون. شەهید نووری وەک زۆربەی کوڕە کوردەکان بەرەو خوێندن بەڵام بە زمانی بێگانە وەرێکەوت. تامەزرۆی فێربوونی خوێندنەوە و نووسینی کوردی بوو بەڵام لەبەر ئەوەی لە شاری بانەدا دەژیا و فەرهەنگی داسەپاوی فارسی دەچوو بەڕێوە، نەیتوانی زمانی زگماکی خۆی کە کوردیە فێربێت.
شەهید نووری لەساڵی 1360 دا هاتە ڕیزی پێشمەرگەکانی خەباتەوە و بە تاسەیەکی زۆرەوە ئەرکی پێشمەرگایەتی بە جێ دەگەیاند. زۆر شوێنی کوردستان جێگەی قارەمانیەتی و ئازایەتی ئەو بوون، لە شەڕەکانی دوژمنی داگیرکەر و دژی گەلی دا. بەڵام ئەو تێکۆشەرانەی کە هیچ کات لە بیر ناچنەوە و لە باسکردنیان دڵی دایکان هەڵدەقرچێ، بە داخەوە لە ڕۆژی 10/خەرمانانی/1364 هەتاوی دا لە بەرزاییەکانی بەردە بووک دوای شەڕێکی قارەمانانە بە هۆی خۆمپارە بارانی دوژمن شەهید بوون و درێژە پێدانی ڕێگای خەباتیان بە هاوبیرانی بە ئەمەکیان سپارد. بەرزوو بەرێز بێ لە شەهیدان، کە دەرسی خۆبەخت کردن بۆ دایکی هەموومان کوردستان بە دیاری بە جێهێشت


شەهید لەتیف ئیسماعیلی

## سەرووەری گەل شەهید لەتیفی ئیسماعیلی.

ڕۆژەکانی دوای گەلاوێژ بوو ، گەلاوێژ کەوتبوو تازە سەر قافلەی کاروانی شەختەی تەزوو هێنەر دەیویست بەو هیوایە کە ئەوا ڕۆژی کارەو شەونخون خۆ بخاتە باوەشی کۆرپە هەژارەکانەوە و جێ و بانە گەرمەکەی هاوینانی لێ سارد بکاتەوە. لەگەڵ ئەوەش کوندە پەپوی مەینەت و ماتەم تازە نیازی ئەوە بوو لەناو دڵی دایکی شەهیدێکی دیکەی ئەم کوردستانە بە خوێن ڕەنگاوە هێلانە بکاتەوە. ڕۆژەکانی ئاخرو ئۆخری گەلاوێژ لە هەواڵدەری مەرگی شۆڕە لاوێک، شەهید بوونی قارەمانێک فیدابوونی فیداکارێک بوون یەک لە دوای یەک تێ دەپەڕین و تا دەڕۆین تەمێکی تاریک و توندتریان لە ئاسمانی گوندە خنجیلانەکەی (میرەوسوو) بەجێهێشت. ڕۆژی 1363/5/30 برا پێشمەرگەکانی بە ئیمان و باوەڕ بە ڕێبازی ڕەسەن و ئامانجی پیرۆزیان کە ڕزگاری گەلی کوردە، ئەو ڕۆژە کە پێشمەرگە فیداکارەکانی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران بریاریانـدابوو، بە داگیرکەران بسەلمێنن کە بست بە بستی خاکی ئەم کوردستانە بە هەڵمەت و خوێن لە ژێر چەکمەی سەربازانی پارێزەری ستەم و بێدادی دەردێنن و بەهەست ونیستی خۆیان دەیپارێزن، ئەو ڕۆژەی کە گوللە دادێ دەپرسێ و سەنگەر جێگەی داد و هاوار بوو، دوژمنانی کورد بە هیچ زمانێک لە سکاڵای گەلی کورد تێنەدەگەیشتن، بە نیازی تەزاندنی داگیرکەران لەسەر ڕێی بەکرێگیراوانی مۆڵگەی(مازوانبەن) کە مینیان داناو سەنگەریان گرت. لە سەعات 8ی بەیانی دا شەڕ دەست پێکرا، پاش 2 ساعەت شەڕی قارەمانانە لە دژی داگیرکەرانی کوردستان، شەهید لەتیف ئیسماعیلی بە گوللەی دوژمنان پێکرا، بە داخێکی زۆر گرانەوە دوای 4 ساعەت دڵی پڕ لە هەستی کورد خۆشەویستی لە کارکەوت و ماڵئاوایی لەگەل و نیشتمان کرد و ئەرکی خەباتی بە هاوسەنگەرانی سپارد. شەهید لەتیف لەساڵی 1322 لە بنەماڵەیەکی وەرزێر لە گوندی میرەوسوو لە ناوچەی بانە لە دایک بوو، هەر وەک هەموو کوردێکی دیکەی کوردستانی زنجیرەی ستەمەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و مەزهەبی دەست و پێی بەست بوو، شەهید لەتیف لاوێکی پاک داوێن و هێمن و ئازاو لەسەرەخۆ بوو. بە شەهید بوونی زامێکی قوڵی خستە ناو دڵی هاوسەنگەرانیەوە. ڕێگەی پڕ ڕێبوار بێ ویاد وناوی بەرز. هەزاران سڵاو لەگیانی پاکی بێت..




## سەرووەرانی گەل: شەهیدان عەبدوڵا هەمزە، خەلیل جەعفەری ناسراو بە (خەلیل ڕەشاش)، تاهیر قادری ناسراو بە (تاهیر یاکوباوایی).

گەلانی ستەم لێکراو و ماف پێشێلکراو، ڕێگەیەکیان هەیە کە ژیان بە سەربەرزی دوایی بهێنن، جوێ لە خەبات و موبارزە، جوێ لە خۆ بە کوشتدان بە دەستی داگیرکەر لە مەیداندا، لە زینداندا بە ئەشکەنجە یان ئیعدام ! دەنا ڕێگەیەک بۆ گەلانی ژێر ستەم نیە کە ژیان بە سەربەرزی دوایی بهێنن. جوێ لەوە کە لە دوژمن ڕاپەڕێن و وەڵامی زۆردارانی نازی و بە زۆر دەسەڵات بدەنەوە. خۆ دیارە شەڕ و خوێنڕێژی شتێکی نارەوایە و تا بکرێ و چار ببێ نابێ ببێ. بەڵام ئاخر چ ڕەوایە کە دەسەڵاتداران بە بەشی خۆیان دانەمرکێن و چاو چنۆکی هانیان بدا بۆ دارایی ئەم و ئەو. کاتێک کە دڵیان ڕوناکی تێدا نییە. کاتێک تەنیا مەنتقیان بۆ ستەم و ستەمکاری دەچێتە سەر، بێجگە خۆ فیدا کردن چ ڕێگا چارەیەکی دیکە هەیە. ئەوە چارەنووسی هەموو گەلێکی لێقەوماوە کە دەبێ دژ بە داگیرکەر وستەم گەران ڕا پەڕێ. سەرە نێزەی زۆرداران لە سنگی خۆی بنووشتێنێتەوە. گەلەکەمان یەکێک لەو گەلانەی کە زۆر و ستەم خەباتی لەسەر شان فەرز کردوە. کوژرانی ستەمگەرانی کردۆتە تاکە ڕێگەی سەربەرزی، کە نەشگەن بە سەربەرزی و سەربەستی، خەباتیان ببێ و بەختەوەری شەهادەتیان لە چارەنووسیان بنووسرێ. ئەو گەلەی تێ دەگا کۆیلەتی شەرمە بۆ ئادەمیزاد، شەرمە کۆیلەیی ناکا، ئەویش کۆیلەیی لەسەر ئاو و خاکی خۆی و بە نانی خۆی و ئاوی خۆی لە چوارچێوەی نیشتمانی خۆیدا. دیارە خەبات تاکە ڕێگەیەتی و شەهادەت وبریندار بوون و بە دیل گیران و ئەشکەنجە و ئیعدام، هەمووی چاوەڕوان دەکرێ. هەموو بە سەرهاتە بە سەرهاتی مەردایەتیە، بە سەرهاتی شەرافەتمەندانەیە. جا بۆیە ڕۆڵەکانی گەلەکەمان ڕێگای خۆیان بەدی کردووە و باکیان لە مەرگ نیە لە ڕێی خەباتدا، چونکە ئەو مەرگەی هەر لەسەر ڕێگەی ئادەمیزاد دایە ئاوا و لەو ڕێگەیەدا شیاوی ئینسانە، نەک مەرگی بە ستەمگەری یان مەرگی بە ژێر دەستی. پێشمەرگە گیان لەسەر دەستەکانی کوردستان بە تایبەتی پێشمەرگەکانی سازمانی خەبات، بۆ ڕزگاری گەل، بۆ ئازادی کوردستان لە مەیدانی خەباتدا لە هیچ مەترسییەک سڵ ناکەن. هەروەها کاتێک دەکەونە داوی دوژمنی دژی ئینسانی دیسان شێرانە لە بەرانبەریدا دەوەستن. چرچ لە ناو چاویاندا نابیندرێ و مەترسیان تێدا هەست ناکرێ و سوورن لەسەر ڕێباز و باوەڕ و ئامانج و خەباتیان. دەوەستن لە بەرانبەر ئەشکەنجە و ئازاردا و زمانیان بە زیانی هیچ برا کوردێک ناگەڕێ. شانازی دەکەن بەوەکە لە دەرەوەی زیندان لە بەرانبەر هێزەکانی دوژمندا وەستاون، بە چەکی شەرەفیان سنگی داگیرکەرانیان وەک ڕووی بێژنگ لێ کردووە و شانازی دەکەن بەوە کە لە زیندانی ئەو خوێن مژانەدا زمانیان لە ئاست برایانی کورد گرێ داوە. لەسەر دوژمنایەتی ڕژێم سوور دەوەستن. جا وەرەن هەندێ لە باسی قارەمانی پێشمەرگەی سازمانی خەبات لە زیندانەکانی ڕژێمی خومەینی بدوێین. 5 قارەمانەکەی سازمانی خەبات کە بەدەستی دەستەیەکی خۆفرۆش بە ناوی حیزب الدعوە، کە ئاڵقە لە گوێی ڕژێمی ئێران بون لە 5ی پوشپەڕی ساڵی 1364 و 1365 دا لە سنووری کوردستانی ئێران و عێراق گیران و برانەوە بانە. ماوەی 3 ساڵ لە زیندانەکانی ڕژێم لە ژێر ئەشکەنجە و ئازاری لەش دابوون. شەهیدان عەبدوڵا هەمزە و خەلیل رەشاش و تاهیر یاکوباوایی و غەفور شیوەڵەیی و حەسەن سەلیمی هەروەها قارەمانێکی تری سازمانی خەبات بە ناوی تالبی مورادی کە لە 18/ڕەزبەری/1365 کۆچی خۆری لە نزیک دێ گەورەداری بانە دوایی شەهید بوونی 3 هەڤاڵی بە نرخی، بە دیل گیرا، قارەمانانی ئەم ڕوداوەن. ئەم شەش ڕۆڵە بە نرخەی سازمانی خەبات، قارەمانانە لە بەرانبەر جەلادانی ڕژێمی خومەینی دا ڕاوەستان، خوێن مژەکانی ڕژێم کە سوور بوون لەسەر ئەوەی کە ئەو ڕۆڵە قارەمانانە لە جەنگە پارتیزانیەکانی سازمانی خەبات دا، ئەوپەڕی لە خۆبردوویيان بووە، زۆربەیان برینە کۆنەکانی لەشیان شاهید بوو کە ڕۆڵەی نەبەزی شۆڕش بوون. ئەشکەنجە و ئازاری زۆر دەکران کە ناوی هاوکاران و یارمەتی دەران بڵێن و نهێنی شۆڕش دەرخەن، بەڵام ڕۆڵە بە شەرەفەکانی خەبات ی خوێناوی لەسەر قارەمانی و گیانبازی خۆیان سوور بوون بێ ئەوە ناوی کەسێک لە خەڵکی کوردستان بە زمانیان دابێ یان نهێنییەک دەرخەن. کاتێک لە ژێر ئەشکەنجە و ئازار دەیانگێڕانەوە هاوبەندەکانیان بە دەورووبەری خۆیان کۆدەکردەوە، ڕۆڵەکانی کوردستان لە دوژمنایەتی ڕژێمی خوێن مژ ئاگادار دەکردو دەیانگوت: هەی یاران نەچن ناوی کەس بەرن، با هەر ئێمە ڕەنجی زیندان بکێشین، هەر ئێمە ئیعدام کرێین بۆچی کەسیتر پێوە کرێن. ئەوانەی یارمەتی ئێمەیان داوە وەک ئێمە شۆڕشگێڕن، کۆمەکی ئێمەو شۆڕشیان کردووە با ئەوان بمێنن درێژە بە یارمەتی شۆڕش بدەن. ئای چەند سەربەرزییە بۆ گەلەکەمان کە ڕۆڵەی ئاوا بە نرخی هەن.قارەمانی سازمانی خەبات، بەرگی پێشمەرگایەتیان کە پێوە گیرابوون دەکردەوە بەر، زەنگاڵی پێشمەرگایەتی هەڵدەکێشاو پشتێنی زۆریان دەبەست و جامانەکانیان وەک ڕۆژانی ئازادی لە کەژ و کێوە زەنوێرەکەی کوردستان لەسەر دەبەست، لەناو هاو زیندانیان وا دەهاتن و دەچوون و دەیان گوت، ئێستا برا پێشمەرگەکان ئاوان و چەکی شەرەفیان لە شاندایە دوژمنانی ئێمە و گەلەکەمان ئا ئەو پاسدار و بەسیج وخوێن مژانە دەکووژن. چەندە جێی شانازییە کە ڕۆڵە قارەمانەکانی گەلی کورد لە زیندانەکانی دوژمن دا بێ پەروا لە ڕوی جەلادەکان لە دادگا بێ دادەکانی ڕژێم دا دەیان گوت بەڵێ تۆ دەڵەی سەد پاسدارت کوشتووە نەخێر دووسەدم کوشتووە و ئێستاش بچمە دەر زیاتر دەکوژم. چەندە جێی سەربەرزییە بۆ هەڤاڵەکانیان و برا پێشمەرگەکانیان کە شەهید عەبدوڵا هەمزە و شەهید خەلیل رەشاش و هەڤاڵانیان بایەخێکیان بۆ قازیە جەلادەکانی ڕژێم تەنانەت بۆ دادستان دانە دەناو لەبەریان هەڵنەدەستان و پوشێکیان قیمەت بۆ دانە دەنان. ئەوەیە باوەڕ بە مافی گەلی کورد، ئەوەیە بێزاری لە ستەم و ستەمگەر. بەڵێ ئاوان پێشمەرگەی بەڕێزی کوردستان، ئاوان ڕۆڵە بە شەرەفەکانی گەلەکەمان کە هەتا دوایین هەناسە لە سەنگەری موبارەزە دژ بە ڕژێمی خوێن مژی ئاخوندی دا سەخت و پتەو دەوێستان. تا چەکیان لە دەست دایە و بە چەک، کە چەکیان لە دەست نەما، بە بەقینی پتە و هەڵوێستی بە بڕشتیان تیژتر لە گوللە دڵی دوژمن دەسمن و بە دەنگی دلێریان پەڕی دڵ و پەردەی گوێی دوژمن دەدڕن، لە زیندانان چاکتر عەزەمەتی گەل و حەقانییەتی شۆڕش دەناسێنن. ئەو پێنج ڕۆڵەی کوردستان نمونەیەکن لە پێشمەرگەی قارەمانی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران، کە بەداخەوە دوای شکنجە و ئازارێکی زۆر و هێشتنەوەیان بۆ ماوەی نزیک بە 3سێ ساڵ لە گرتوخانە، لەگەڵ زیندانیانی سیاسی لە ساڵی 1367ی کۆچی خۆری لە سێدارە دران و ڕۆحی پاکیان بۆ بەهەشتی شەهیدان فڕی. ئەم پۆلە شەهیدە بە شەهادەتیان سەنەدی حەقانیەتی خەباتی ڕەوای نەتەوەکەمانیان مۆر کرد و بە خۆراگریشیان لە بەرانبەر جەللادانی ڕژێم ،ئەو ڕاستیەیان سەلماند کە سازمانی خەبات خاوەنی وەها ڕۆڵە گەلێکە و تا سەرکەوتن بەبڕشت و بڕست لە بەرانبەر ڕژێمی ئاخوندی ڕادەوەستێ و تاگەیشتن بەمافەڕەواکانی نەتەوەکەمان هەدا نادات ..
هەزاران سڵاو لە ڕۆحی سەرجەم شەهیدانی کوردستان.

**شەهیدەکان مامۆستای وانەی کۆڵنەدان و خۆڕاگرین لە زانکۆی ڕزگاری نەتەوە و نیشتمان دا،**


شەهید عەلی چەمەن گوڵی

## سەروەری گەل : شەهید عەلی چەمەن گوڵی.

شەهید عەلی چەمەن گوڵی ، لە ساڵی 1333 دا لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەر لە شاری سەقز لە دایک بووە. لە 6 ساڵیدا ڕویکردە قوتابخانە و خوێندنی سەرەتایی تەواو کرد و دواتر نەیتوانی درێژە بە خوێندن بدا . لە دوای خوێندن، هاوشانی باوکی خەریکی کارو کاسپی بوو. لە کۆتاییەکانی ساڵی 1357 کە ڕژێمی شا ڕوخا و دەروو بۆ خەڵکی کوردستان کراوە، پەیوەندی بە شۆڕشەوە گرت و بە نهێنی کاری لەگەڵ جووڵانەوەی دژ بە ڕژێم دەکرد. لەساڵی 1362 لە دوژمن ئاشکرا بوو لە کاتێکدا کە بە ئوتووبووسەکەی خۆی هەندێ پێشمەرگەی هەڵگرتبوو وە دیهەویست لە سەقزەوە بۆ بانە بیانگوێزێتەوە، بەڵام دژمن پێی زانی و ڕێی لێگرت. کاک عەلی قارەمان بە شێوەیەکی قارەمانانە و بێوێنە لە شار هاتە دەرەوە. شەهید عەلی چەمەن گوڵی لە کاری شۆڕشدا بێ پشوودان کاری دەکرد و دڵخۆش بە ڕێبازی شۆڕش بوو بە شێوەێک کە ئەم ئامانجە خەمی ژن و منداڵی لە بیر بردبووە...

شەهید عەلی چەمەن گوڵی، ڕیزی شۆڕشی بۆ هەتا هەتایی هەڵبژاردبوو و لە ڕێبازەکانی شۆڕشی کوردستان ورد دەبۆوە کە کامی لا پەسەندبێ، لەوەدا درێژەبدا بە ئەرکی شۆڕشگێڕی.

بە ورد بوونەوە لە ڕێبازی سازمانی خەبات ی کوردستان و بەراوردی دڵی خەڵکی کورد ، ڕێی سازمانی خەبات ی بە ڕێی ڕاستی گەلی کورد زانی و لە بەهاری 1364 دا هاتە ناو ڕیزی سازمانی خەباتەوە و زۆر بە دڵسۆزییەوە ئەرکی پێشمەرگایەتی بە ئەنجام دەگەیاند. وەک لە سەرەوە گەیاندمان خۆفرۆشان لە کوردستاندا بوونە دار دەستی دژمن و بە دراو و ئافەرین پشتی خۆیان دەشکێنن، داو بۆ برای خۆیان دادەنێنەوە، هەندێک لە خۆفرۆشان بە دەستووری داگیرکەرانی کوردستان مین لە سەر ڕێی هات و چۆی ماشێنەکانی سازمانی خەبات بە مەبەستی زەربەت لێدان لە پێشمەرگەکانی دەنێنەوە.

ڕۆژی 31/گەلاوێژ/1364 لە کاتێکدا کە شەهید عەلی چەمەن گوڵی بە (لەندەروێر)ەکەوە کە لە بەڕێکردنی چەند کەس لە پێشمەرگەکانی سازمان لە بەرانبەر (سوورکێو) گەڕاوە، مینێکی داندراو لە ژێر ماشێنی شەهید عەلی چەمەن گوڵی دەتەقێتەوە و کاک عەلی شەهید دەبێ.

شەهید عەلی ژیانی بێ ماوەی ئەم جیهانەی بە سەربەرزی دوایی هێنا. بەڵام خۆفرۆشان بەسەر لەنگی درێژە بە ژیان دەدەن و بە بەدناوی سەر دەنێنەوە وسزای دوارۆژ چاوەڕوانیانە و ڕۆژێک دێت بەرەو دۆزەخی کوردستان بەڕێ دەکرێن.

تەرمی شەهید عەلی چەمەن گوڵی لە گۆڕستانی میراوای کوردستانی گەرمێن چووە ناو باوەشی دایکی نیشتمانەوە...

هەزاران سڵاو لە گیانی بەرزی


شەهید محەممەد ئەمین غەزالّی

## سەروەری گەل: شەهید محەممەد ئەمین غەزالّی.

دابینکردنی مافی ڕەوای هەر گەلێک بەستراوەتەوە بە خەباتی نەپساوە و شۆڕشی بەردەوام تا گەیشتن بە ئامانجەکانی. ئەو ڕێگەیە قوربانی پێویستە و بە هاتنە مەیدانی لاوان و چین و توێژەکانی دیکەی کوردستان، ئەو ئارمانە بەدی دێت.

مێژوو باسی پیاو چاکی و لە خۆ بردوویی و فیداکاری، نەترسی و تێکۆشان و خۆ بەخت کردنی ڕۆڵە بە شەرەف و جوانمێرەکانی گەلەکەمان دەکات کە چۆن لە دژی داگیرکاران و زۆرداران، ڕاوەستاون و چۆن خاکی کوردستانیان کردوە بە گۆڕستانی دوژمنان و چیا سەربەرزەکان و پێ دەشتەکانی ئەم کوردستانە پیرۆزەیان بە خوێنی پاکی خۆیان ڕەنگاندووە و بەڵگەی سەرکەوتنیان پێ مۆر کردووە و شنەی ئازادیان هێناوە.سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران وەک لاپەڕەیەک لە لاپەڕە خەت زێڕینەکانی مێژووی خەباتی ئەو قۆناغەی فیداکاری شەهیدەکانمان، وەک کوپەڵەیەکی پڕ لە زێڕ بە بێ دەست لێدان و زایە بوون هەڵگرتووە، لە یادیان دا هەڵیدەداتەوە و یادی شاسواری گۆڕەپانی خەبات و تێکۆشان و هەڵۆیەک لە هەڵۆ بەرزەفڕەکانی چیا حەستەمەکانی کوردستان، دەکاتە داستانی پڕ سەروەری ئەم جارەی یادی سەروەران، کە چۆن لە مەیدانی ئازایەتیدا ئەسپی شەرەفی لینگداو چۆن کەمەندی مەرگی بۆ دوژمن دەهاویشت. ئەو شۆڕە سوارە و چاو نەترسە شەهید محەممەد ئەمین غەزالّی یە.لە بنەماڵەیەکی هەژاری کوردەواری لە گوندی ساوانی ناوچەی بانە، هاواری منداڵێکی ساوا، بێ دەنگی شەوە زەنگی ئەم کوردستانە خوێناویەی شکاندوو چاوی بە دنیای پڕ لە کەسەری کوردستان هەڵێناو دایک و باوکی بە هەزاران هیوا و هومێد ناوی (محەممەد ئەمین) یان بە گوێ دادا.

شەهید محەممەد ئەمین لە ناو باوەشی دایکی و بێشکە دارینەکەی کوردەواریدا گەورە بوو و پێی نایە ناو پلەکانی ژیانەوە. ژیانی نەداری و بێبەشی ماوەی پێنەدا بەرەو قوتابخانە بچێت و بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی لە کار و فەلاحەتدا یارمەتی باوکی دەدا. پلە پلە گەورە بوو تا پێی نایە تەمەنی 15 ساڵییەوە، لەبەر ئەوەی کە بنەماڵەکەی بنەماڵەیەکی ڕەشایی بوو و لە کوردستان شوێنی کار کەم بوو، بەرەو زۆربەی شارە فارسەکانی ئێران وەکو قۆم و تاران و مەشهەد دەچوو. شەهید محەممەد ئەمین لەگەڵ ئەوەدا کە خوێندەواری نەبوو، بە ڕەگ و پێست هەستی بە نەداری و بەشخوراوی گەلەکەی کردبوو و لە شۆڕشی گەلانی ئێران دژی ڕژێمی پاشایەتی وەک ڕۆڵەیەکی ئازاو تێگەیشتوو خەباتیکرد و لە هەموو خۆپێشاندانەکاندا بەشداری هەبوو. لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران کە دەستکەوتەکانی ئەو شۆڕشە بوو بە نەغدینەی ناو چنگی خومەینی و دار و دەستە نەزانەکانی، کە وەکو هەموو خوێنمژە مێژووییەکانی کورد کوژان دیسان دەمیان نایە ناو جەرگی کوردەوە و خوێنی جگەر گۆشەکانی گەلی کوردیان مژی و هێرش کرایە سەر کوردستان، شەهید محەممەد ئەمین وەک ڕۆڵەیەکی بە شەرەفی گەلەکەی چەکی دیفاعی لە شان کرد و لە بەرانبەر هێرشی ناڕەوای دوژمندا وەک قەڵایەکی لە ڕووخان نەهاتوو ڕاوەستا و لە کاتێکدا کە دەشتە ڕەنگاو ڕەنگەکەی شاری سەقزی خویناوی لە خوێنی پاسدارە بە کرێگیراوەکان شەپۆڵی دەدا، لە ناو سەنگەری خۆڕاگریدا لە ڕۆژی 6/خەرمانانی /1358 دا بە گوللەی خوێنمژانی مێژوو، گیانی پیرۆزی فیدای گەل و نیشتمان کردوو بە بەخشینی گیانی وەک یەکەم شەهیدی سازمانی خەبات لە نێو کۆڕی شەهیدان دا تۆمار کرا.

هەزاران سڵاو لە خوێنی پاکی شەهیدان

## سەروەری گەل: شەهید موزەفەر ئەعزەمی .

کاروانی دورو و درێژی شۆڕشی ڕزگاری هێنی کوردستان مێژوویەکی پڕ لە کارەسات و هەل و مەرجی یەکجار حەستەمی تێدایە. بۆ درێژەی خەبات و تێکۆشانی ڕابردومان هەر زەمان و دەستەیەک لە ڕۆڵە گیانبازو فیداکارەکانی نەتەوەی کورد بوونە پێشەنگی خەبات و موبارزە. دیارە شۆڕش لە هەرکات و زەمانێک بەستراوەتەوە بەشێوەی دەسەڵاتی داگیرکەرانی کوردستان و ڕادەی هێز و توانای دژمن و لە بەرانبەریشدا چەند و چۆنی هێزی شۆڕش و ڕادەی بەشداری گەل لە خەباتی حەقخوازانە لە دژی داگیرکەرانی ڕژێمی ئاخوندی. زۆرن ئەو ڕۆڵە گیانبازانەی بۆ وەدەست هێنانی مافە ڕەواکانی گەلەکەمان تێکۆشاون و بێ گوێ دانە قازانج و بۆ وەدەستهێنانی دەسەڵاتی گەل لە گیان و ماڵیان بوردون. ڕەنگە لە مێژویی خەباتی گەلی کورد دا نمونەی وەک ڕژێمی ویلایەتی فەقیە نەبوبێ لە ستەمگەری و تاڵان و بڕۆ کردندا، مێژوی نەتەوەکەمان تا ئێستە بەخۆیەوە نەدیوە داگیرکەرانی وڵاتمان بە بەهانەی مەزهەب و کافری و جیایی خوازی و چی و چی هێرشیان بۆ کوردستان هێنابێ. ڕژێمی ئاخوندی بۆ سەپاندنی ویستەکانی بەسەر کوردا گوێی بە داوا ڕەواکان نەداو و لە هیچ زوڵم و نارەوایەک دریغی نەکردوە .لە ماوەی چەند ساڵ خەباتی نیشتمانی بۆ ئازادی و سەربەرزی کوڕانی کوردەواری کە پێشەنگی خەباتی بەرحەق و ڕاست بوون.لە گیانبازی و فیداکاریدا کەم وێنە بوون و لەو ڕێگەدا تەنیا هەر لە بەرانبەر داگیرکەران ڕانەوەستان، بەڵکو لەڕێی خائینانی دژ بە گەل و شۆڕش لەناو ڕیزەکانی شۆڕشدا و لە دەرەوەی شۆڕش وێستاون و لەو کاتانەدا خائینان، ویستویانە ڕێگای شۆڕش بەرەو هەڵدێر بەرن، مەردانە لێیان هاتونە دەست و بەرەنگاریان بونەوە. سازمانی خەبات ی کوردستان کە بەشێکی گرنگ لە خەبات و شۆڕشی لە ئەستۆیە و لە ماوەی خەباتیدا، زۆر ڕۆڵەی بەنرخ و قارەمانی پێشکەش بە گەل و نیشتمان کردوە، تا بە پاکی و چاکی لە ڕێگەی خزمەت بە کورد و کوردستان دا خەبات بکەن. ڕۆڵەکانی سازمانی خەبات بە دەرس وەرگرتن لە ڕێگەی پڕلە شانازی و بێ هەڵە، شۆڕشەکەیان درێژەی هەیە و تێکۆشاون و شانازی زیاتریان خستۆتە سەر شانازیەکانی سازمان. ئەوانەی کە لە ڕیزی سازمانی خەباتدا وەک سەربازێکی خاوەن باوەڕ، فیداکاری بێ وێنەیان لە خۆنیشان داوە زۆرن، دیارە لای گەل و نیشتمان ئازایەتی و لە گیان بوردوییان شاراوە نیە.

شەهید موزەفەر ئەعزەمی کوڕی حەسەن خەڵکی گوندی کانی بەن لە ناوچەی پشت ئاربەبای بانە ، یەکێکە لەو ڕۆڵە گیانبازانەی سازمانی خەبات کە لە ڕۆژانی هاتنی بۆ ئەو ڕیزە، تا کاتی شەهید بوونی وەک خاوەن باوەڕێکی بە نرخ بۆ ڕزگاری گەلەکەی و سەربەرزی سازمانی خەبات تێکۆشاوە. ڕەنگە بۆ کەسانێک کە هەر لە منداڵیەوە لە چوار چێوەی ماڵ و ژیاندا لەگەڵ کاری سیاسی و فێربوونی خوێندن و چاودێری کەس و کاریان پێ گەیبن، ئاسان بێ هەڵە نەکردن و ڕێگەی چاکە گرتن. شەهید مزەفەر لە ماوەی پێشمەرگایەتی دا لە زۆربەی شەڕەکانی دژ بە دژمن لەگەڵ پێشمەرگەکانی سازمان بەشداری



شەهید موزەفەر ئەعزەمی

بەرچاوی کردوە. قارەمانێکی چاو نەترس لەبەر بەرەکانێ و دیفاع و هێرشدا هەڵمەتی مەردانەی نواند. ساڵی 1372کاتێ پێشمەرگەکانی سازمان خەبات لە مەڵبەندی یەک لە بەرەبەیانرا لە پشت گوندی کانی بەن لە حەسانەوەدا بوون و لە لایەن خۆفرۆشان و پاسدارانی ڕوو ڕەشی حکومەتی جەهل و نەزانیەوە ئابلۆقە دران کە بە هۆی قارەمانی پێشمەرگەکان و هەڵمەتی بەرچاوی شەهید موزەفەر ئەو موحاسەرە تێکشکێندرا و پێشمەرگەکان توانیان دژمن تێک شکێنن ، بەڵام دڵپڕ لە قین و کورد کوژی ڕژێم بەشێکی زۆری لە ناوچەکە پڕکردبوو لە هێزە سەرکوتگەرەکانی و هەر بۆیە پێشمەرگەکان بە دوای تێک شکانی ئەو گەمارۆیە و خۆ دەربازکردنی لە پشتی گوندی کانی بەن لە دەوروبەری گوندی ناوە توش شەڕێکی قورس دێن، درێژ ماوەی شەڕەکە دەبێتە هۆی کەم بوونەوەی فیشەک و تەقەمەنی پێشمەرگەکان و شەهید موزەفەریش کە لەو شەڕەدا بەوپەڕی ئازایەتیەوە شەڕی قارەمانانە دەکات بەڵام بەداخەوە بە خەشابی خاڵی و تفەنگێکی بێ فیشەکەوە دەگیردرێ.

خەبات و تێکۆشانی ڕاستی سازمانی خەبات، مایەیە بۆ ڕۆڵەکانی کە لە هەموو کات و ساتێکی نا لەبار و حەستەم دا بوێرو نەبەز بن. شەهید موزەفەریش بەدەرس وەرگرتن لەو ڕێبازە ڕەسەنە و بە ئازایەتی بێ وێنەی خۆی لە دوای گیرانی لە چاڵە ڕەشکانی دژمندا بەو پەڕی سەربەرزی و ئازایەتی ژیانی بردەسەر. ئەوکەسانەی لەگەڵ شەهید موزەفەر لە بەندیخانەکانی ڕژێمدا بوون، شاهیدی ئەون، کە چۆن شەهید موزەفەر بە شێوەیەک زیندانیشی کردبووە جێگەیەک بۆ دەربڕینی داوا ڕەواکانی گەلەکمان.

ئەو شەهیدە قارەمانە لە زینداندانی ڕژێمدا نمونەی چاکی و پاکی بوو، قارمانیەتی شەهید موزەفەر لەوەدا بوو کە بەهەر شێوەیەک مومکین بوایە هەواڵی خۆی و شێوەی خەباتی بە سەرکردایەتی شۆڕش دەگەیاندەوە. شەهید موزەفەر بە ناردنی دیاری جوان و دەستکردی ناو بەندیخانە، هەڤاڵانی بەسەر ئەکردەوە، ناردنەوەی دیاریە جوانەکانی شەهید موزەفەر لە بەندیخانەوە و نەپچڕانی پێوەندی لەگەڵ سازمان، نمونەی ئەو ڕاستیە حاشا هەڵنەگرەن کە ئەو قارەمانە نەترس و خاوەن باوەڕە یەکێکە لە ڕۆڵە بە ئیمانەکان بە ڕێبازی ڕەسەنی کوردایەتی.. بە داخەوە شەهید موزەفەر دوای نزیک بە ساڵێک ئەشکەنجەو ئازاردان لە ساڵی(1372 ) لە لایەن ڕژێمەوە لە سێدارە دراو تەرمەکەشی نەدراوە بە دایک و باوک و کەس و کاری.

نەفرەت لە دەسەڵاتدارانی ڕژێمی ئێران، سەربەرزی و سەروەریش بۆ شەهیدانی گەل و نیشتمان


شەهید ئیبراهیم عەزیزی

## سەروەری گەل: شەهید ئیبراهیم عەزیزی (برایم خوڕیاوایی)

بەهاری زەنوێری کوردستان ڕۆیی و هەڵاڵەی سەر گۆڕی شەهیدانی سوور خەڵاتی خەبات لە داخی بێ کەسی, وشک بون و فرمێسکی هاوسەنگەرێکی بەسەردا نەباری کە وەک ئاوی ژیان درێژە بە ژیانیان بدا, تا دایکی شەهید, هەموو هەینیەک لە گۆڕستانی شەهیدان چاوە چاویانە کە شێوەی جوانەمەرگیان لە دیمەنی هاوسەنگەرەکانیان دا ببینن, بەڵام بە هەناسەی سارد بگەڕێنەوە, تا دەبینن کە دیمەنی پڕ لە حەماسەی مەردانەی ئێوە لە خاکی نیشتمان دا بەندەو بەشتان لە قارەمانی کردن و هەڵمەت بردن بڕاوە, تا دەبینن خۆ بوێر و خۆ دۆڕێن, دەیانەوێ دێڕی خوێنی ئێوە لەسەر شەقامی خەبات بلێسنەوە, دێڕ دێڕی کێشراو بە خوێنی ئێوە بلێسنەوەو شوێنەوارتان کوێرکەنەوە. ئێوە بە سەربەرزی ڕزگار بوون و تازە پڕیشکەی تاوان و ناپاکی بە داوێنتان ، هەڵناپرژێ ، تازە نە ئاش بە تاڵتان دەب تا بیر دێتەوە قسەکەی کە دەتگوت, هەر گیانێک بە سازمانی خەبات قەرزدارم, دەبینین کە قەرزەکەت داوە, تا ئەوانە دەبینین و بیر دەهێنینەوە, ئەی شەهیدی بەرزی سەربەرز, دڵمان پڕەگڕو کڵاوڕێژە لە ژان و داخ و پڕە لە ئۆف و ئاخ, بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا, دڵشادین بە ژیانی سەربەرزیتان و مەرگی پڕ لە شانازیتان. ئەی شەهیدی نەمر, تۆ نەمردوی و نامری, چونکە دڵت بە خوێنی نەتەوە پەرەستی گەرمەو دڵت لە شەرەف پارێزی سارد نەبۆتەوە, ئەی شەهیدی ڕوو سور, ئەی بێچوە شێری سوور, ئێمە سورین لەسەر ڕێبازت, ژیانی تۆو هاوەڵانت, ڕێبازی ژیان و بەڵگەی ئیمانە, ئەی شەهید , باوەڕی ئێوە چۆڵەچرای ڕێبوارانی ڕێی ئازادیە و بیری ئێوە دەست مایەی شادیە, نە ئێوە لە بیری شۆڕشگێڕان دەچن و نە شۆڕشگێڕان لە بیری ئێوە دەچن, هەتا لە کاروانی شەهیدانی سورخەڵاتی کوردستان دەڕوانین, کاروانێکی نەپساوە دەبینن, سەرێ لەبن کۆشکی ستەمکارانی و داگیرکەرانەوە دێ و لەلای دوامین کەلاوەی ڕوخاوی کۆشکی ستەمگەری دەبڕێتەوە.ەناو ئەو کاروانە دورودرێژەدا, دیمەنی شەهیدە سوور خەڵاتەکانی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران لەگەڵ دیمەنی بەهەشتی شەهیدان دەکاڵێتەوە, ڕوناکی باوەڕیان دڵی کردونە چرای کوردستان, چاوی گەشیان دڵی فریشتەی پێ گەش دەبێتەوە, بەسەر بەرزی ژیان و بەسەر بەرزی لە ژیان دەرچون, لە ناو هێندێکیان دەبینین, کە کڵاوی پەرێز پاکیان بەلاتیری سەریانەوە ناوە ، کەسی و زێڕینیان ، بەسەر سەرەوە ناوە و پرسیاریان لەسەر ن.دەتوانین ئەمڕۆ بۆ وێنە ، شەهید ئیبراهیم عەزیزی بهێنینە ناو کۆڕی باسەوە ، شەهید برایم خوڕیاوایی بە بیستنی بە تەنیا بەهێزێک و لەگەڵ هاوەڵان بە هەزار دەژمێردرا, پێشەنگی هێرش بوو, دوامین کەسی پاشەکشە بوو, مەرگ دڵی نەدەهات قوتی بدات, چونکە بازاڕی مەرگی گەرم داهێنابوو, یان نەیدەوێرا تخونی بکەوێ, چونکە شەهید برایم مەرگی لێ دەباری, شەهید برایم فریشتەی ئازادی بۆ قەڵای ئازادی بوو ، شەهید برایم خوڕیاوایی کە تەمەنی لاوی خۆی لە شۆڕشی ڕەوای کوردستان ، جەنگی داسەپاودا بە فیداکاری و ی لە سەرەتای شۆڕشی کوردستان لە ساڵی 1358 دا تێکەڵ بەکاری شۆڕش بوو, دواتر پێوەندی لەگەڵ سازمانی خەبات ی کوردستان گرت, لە 15 پانزەی خاکەلێوە 1360 دا بە فەرمی هاتەناو ڕیزی سازمانەوە. ەاوینی 1360 دا لەبەر دەست تەنگی خێزانیان och بژێوی ژیانیان لە پێشمەرگایەتی دانیشت. بەڵام لەگەڵ سازمانی هەر لە پەیوەندیدا بوو ، لە بەهاری 1362 هاتەوە ناو ڕیزەکانی سازمانی خەبات و پێشمەرگایەتی ا ە ە شەهید برایم لە ساڵی 1363 دا کرا بە سەرلکی شەهیدانی بۆیەن لە هێزی شەهید سەید خەلیل. لا ساڵی 1364 دا ک کرا بە بەرپرسی ڕێکخراوی نهێنی سەر بە کومیتەی شارستانی بانە ، لە ساڵی 1365 دا کرا بە بەرپرسی ڕێکخراوی حەوتەوانان سەر بە مەڵبەندی سێ. شەهید برایم کە وەرەی دڵی پێشمەرگەو خەڵک بوو, لە ساڵی 1342 دا لە بنەماڵەیەکی وەرزێر لە دایک بوو لە دێی خوڕیاوای بانە , هەر لەوێ چوە بەر خوێندن و چەند ساڵێک خوێندی , پاشان لەبەر نەداری, دەستی لە خوێندن هەڵگرت. شەهید برایم, لە ڕۆژی هەینی 14 ی خەرمانانی 1365 لە شەڕێکی خوێناوی دا لەگەڵ جاش پاسدار و بەسیج دا , کە لە کوێستانی کوڕ و کچانی نێوان نجنێی ژوورو سیوچ و سەدبار کرا و زیانێکی زۆر بە دژمن گەیشت , بە گوللەی دوژمنانی ئازادی پێکرا و گیانی پڕ لە ئیمانی فڕی بۆ کۆڕی شەهیدان och تەرمی پیرۆزی بە شانی برا پێشمەرگەکان خەڵکی بە شەرەف و کورد پەروەری ناوچەکە هێندرایەوە دێی بێلوێ هەزار سڵاو لە گیانی پاکی شەهید برایم وهاوەڵانی .

پاشـــماوەی لاپەڕەی 3، لە ئارشـــیڤی دیمانەکانی ماموستا شێخ جەلال حوسەینی.

... لە ٢٨ی گەلاوێـژ دا فەرمـانی جیهـادی خومەینی بۆ سەر کوردستان دەرچوو، هێرش بەرینی هێنا بۆ سەر کوردستان. لە ڕاستیدا موقـاوەمەتێکەی بەرچـاو نەکـرا، چـونکە هێزەکـان یەک هەڵوێسـت نەبـوون، چەپـی مائویی و غەیرە هەر یەک لە هەوایێک دەی خوێند، شیعار و پلاکاردەکانیش دڵی خەڵکی تـا ئەندازێک لە موبارزە و کوردایەتی سارد کردبووە. لە ڕاستیدا هێزیکی بارهاتوو سەر دەرچوو نەبوو، بەربەرەکانێکی ئەوتوو نەکرا، شارەکانی کودستان هەموو گیرانەوە، تەنیـا بـانە و سەردەشـت مـابوون. ماموسـتا شـێخ عزالدین و دوکتر قاسملو و فوئادی موستەفا سـوڵتانی هـاتنە بـانەو دوای مـاوەیەک بەرەو سەردەشــت ڕویشــتین. پێمــان وا بــوو کە هێزەکانی ڕژێم لە کەلیخانەوە بۆ بانە هێرش دێنن، بەڵام لە جادەی قەرەژدابانەوە، جادەی مەریـوان هێرشـیان هێنـا، تــا سێ چـارەکە سـەعات بەر لە گەیشـتنیان بـۆ ناوشـار، لە شـاردا بـووم، لەگەڵ ژمـارەیەک پێشـمەرگە بەرەو ئاوایيەکـانی ڕۆژئـاوای شـار ڕۆیشـتم. ڕژێم شاری گرتەوە. ماموستا شێخ عزالدین دوکـتەر قـاسملو چـوونە لای مـام جەلال و ئـێمەیش پەڕینـەوە بەری کوردسـتانی عێـراق لەگەڵ ژمــارەیەک لە خـــاو و خێزانـــی پێشـــمەرگە. پێویســتە بگــوترێ کە زووتــر لەسەر داوای دەوڵەتی عێراق پێوەندیمان بە دەوڵەتـــی عێـــراقەوە گرتبـــوو. دوای دامەزرانـدنی هەمـوو مـاڵە پێشـمەرگەکان گەڕاینەوە وەڵات، هاوڕێکانی پێشوو کۆبونەوە ژمــارەیەک خوازیــاری پێشــمەرگەیی بە ڕیزەکەمـان زیـاد بـوون، تـا ئـێمە گەڕاینـەوە ڕژێـم تەواوی پادگــان و پاســگاکانی لە زۆرینەی ناوچەکان ئاوەدان کردبووەوە.گوردانی گاردی جاویدانی بە هەموو ناوچەکان دا وەک مـانۆڕ و هەڕەشـە دەگەڕاو ئەم شـار و شـاری دەکرد، تـا لە ڕۆژی جەژنی قوربـان دەهەمی خەزەڵوەر پێشمەرگەکانی دەفتەری ماموستا شێخ عزالدین لە جادەی سەردەشت و بـانە لە دوجێگەلێـان داو لە دەروازەی شـاری بــانە بەریان پێ گرت، نزیک بە هەفتـا ئوتـومبیلی ئەرتەشـی، لەویٚ لەکــارخران و ســووتان و ژمـارەیەکی زۆریـان لـێ کـوژراو بەدیل گیـرا، هێنـــدێک لە ســـەربازەکانی ئەو گـــوردانە گەیشـــتنە پادگـــان. بە ئیقـــراری چـریکە فیدایيکان وجودی نیزامی لەو شەڕەداهەر ئی ماموستا شێخ عزالدین بوو، دەفتەری ماموستا ٨ شەهیدی داو دیلەکانی ئەو شەڕە تـا ئـازاد بونیان لە دەست دەفتەری ماموستا دا بوون، هیچ لایەنێکیتر شەهیدی نەبوو، هیچ دیلیـان لە دەست دا نەبوو. هەڵوێستی من لە ڕاست شــەڕی داســەپاو ئەوە بــوو کە دەبــێ لە بەرانبەری دا موقاوەمەت بکرێ.

پرسیاری ١١: پێکهاتنی هەیئەتی نوێنەرانی خەڵکی کورد( دەورو ڕاو بۆچونی جەنابتان لەو کات و سەردەمەدا چۆن بوو) ؟

لە هەر ناوچەیەکی کوردستانی ئێران کەسێک و دووکەسـی ناسـراو بە هەسـتی کـوردایەتی و تـا ئەنـدازەیەک سـەر دەرچـوو، بـانگکران بـۆ مەهاباد لە سەرەتای خاکەلێوەی ١٣٥٨ کۆچی خۆری دا. من و عەبدوڵا ئیقدامی لە بانەوە چوین دیمان جەنابی ماموستا شێخ عیزەدینی حوسـەینی، مـامە غەنـی بلوریـان و دکتـۆر قاسملو و کـاک سەلاحی موهتەدی و غەفوری حـاجی سـەعید، فـوادی مسـتەفا سـوڵتانی، کوڕی سمایل ئاغای سمکۆ و سەنناری مامەدی و ژمارەیەکی تـری لێبوون، کە من هەمویـانم نەدەناسـین. پێشـنیارێکی هەشـت مادەییـان دوای بـاس لەسـەرکردن نوسـی، هەرچەنـد مــادەی هەشــت خــاریج بــوو لە ڕۆحــی کۆبونەوەکە وە ڕەنگــە زۆران پێیـان چـاک نەبـوبێ، بەڵام چەپــی گەری بەســەر کۆبـونەوەکەدا زاڵ بـوو، دژایەتـی شـاو ئەمریکاو ئەوی پێیـان سەر بە وان بوو، ببـوە شـیعاری ئەو ڕۆژانە، بەتـایبەت دوای ڕوداوی هەکاری. من هەر فەردێک بـوم لەو کـۆڕەدا وەک نـوێنەری بـانە دەورێکی تایبەتم نەبوو.

پرســیاری ١٢: بــۆ لەگەڵ دەفــتەری ماموستا یەک نەبوون، پێوەندیتان لەگەڵ هێزە سیاسیەکانی ئەوکات چۆن بوو؟

ئەو کات دەفتەری ماموستا دانەمەزرابوو من و زۆرینـەی مەلای ناوچەکـان لەگەڵ ماموستا بـوین ئەوەدەم دەفتەرو بەرپرس ئەحزاب ئاشکرا نەبـوون تـا پێوەنـدیان پێـوە بگیـرێ. لەگەڵ کەسـانی بەرچـاو ناسیاوی و دۆستایەتیم هەبـوو. پرسیاری ١٣: هـۆی دامەزرانـی سـازمانی خەبـات، دامەزرێنەرانی کێ بوون، بۆ ماموستا شێخ عیزەدین لەگەڵ سازمانی خەبات نەبوو؟

لە وەڵامی پرسیارەکانی پێشودا گوترا کە هەرچــی ئەحزابــی کوردســتان لە دوای ئینقلاب لە کوردستان دا کاریان دەکرد بە حیزبی دیموکڕاتەوە، هەموو سۆسیالیستی بوون بە خەت جیاوازییان بـوو، خەڵکی موسڵمانی کوردستان بە بـوونی ماموستا شێخ عزەدین بەرێبەری ڕاپەڕێن و ڕێبەری هەیئەتـی وتـوێژ دڵخـۆش بـوون حەزیـان دەکــرد کە لە کوردســـتان دا لە ژێــر ڕێبەرایەتــی جەنابیــان دا حیــزب و ڕێکخراوێکی وەک کـۆمەڵە ژ .ک دروست بــێ. ئەو ڕۆژە کە لە کوردســـتان دا جەماوەر لەگەڵ ماموستا شێخ عیزەدین بوون، ئەو حیزبە لە تێکڕای کوردستان دا دابین دەبوو و لەو پەڕی هێزدا.

ماموستا عەبدولڕەحمانی زەبیحی ساڵی ١٣٥٨ کـۆچی خـۆری لە بێـژوێ ی ئـالان مەتنــی پەیــڕەو پرۆگرامــی بەو جـۆرە نوسی، قەرار بوو کە دانیشین و مادە بە مادە لەسەری بدوێین و تەسویب کرێ و ڕاگەیێنـــدرێ، بەڵام کەســـانێک کە لە ماموستا نزیک بوون بە حوجەتی ئەوە کە ماموستا دەبێ بێ لایەن بێ و ڕێبەری ئایینی ی کوردستان بێ جیاوازی بمێنێ، ماموستیان پەشیمان کردەوە، ئێمە هەر نا هومێد نەبووین کە بەڵکو ماموستا ڕازی بێ ئەو کارە پێویستە بکرێ. لە ڕاستیدا بــونی ڕێکخــراو و حیزبێکــی ئیســلامی پێشکەوتن خواز و نەتەوایەتی ئێستێش پــڕبە پێـستی کوردستانە. بەوە نـیە کە ڕژێمی ئاخوندانو تاقمی ڕەشە کوژ لە لای ناشارەزایان، ئیسلامیان عەیبدار کردوە. کــردەوەی ئەوان لەســەر ئیسـلام نـاییتە بەڵگە لە ئینتخابات دا زۆرینە دەباتەوەو دەســەڵات بە دەســـتەوە دەگــرێ. ئەوە دیکتــاتۆری نــیە کە کەمایەسـیی، دژ بە بـاوەڕی زۆرینـە، دەمی زۆرینە ببەستێ و مەیــدانی قســەو پێشــنیاری نەداو ســوار دەسەڵات ببێ؟ کەسایەتی ماموستا شێخ عیـــزەدین لە کوردســـتان دا کـــاتی گەڕانەوەی لە سەفەری تاران و مولاقاتی خـــومەینی، دەرکەوت کە چەنـــدەی ڕێـــز هەیە لە لای مـــیللەت، ئەو مـــیللەتە بە بـونی زانـاییکی ئـایینی و کـورد پەروەر و میللی دڵخۆش بون، کە هیچ کات کوردێکی دوور لە دیـن و یـان زانـایێکی دینـدار و دوور لە مەسڵەحەتی میللەت، ناگەنە ئەو پلە لە خۆشەویستی دا. دوو خاسیەتەیان لە ماموستا شێخ عیزەدین دا دەدی، بۆیە کیلۆمیترێکی لەبەر حەشیمەتی زۆر کە بە پیــریەوە دەهــاتن بە دوو ســەعات بــۆ نەدەبــڕا. جەمــاوەری کوردســتان دیــن و کوردایەتیان لە ماموستا شێخ عیزەدین دا دەدی، بــۆیــە ڕێــزیان لــێدەگــرت، لە کوردســتانی ســتەم لێــدراو دا کە خەڵکەکەی پەیڕەوی ئەو ئایینە پاکەن، حیزب و ڕێکخراوی دژ بە دین و حیزب و ڕێکخــراوی دینــی بــێ تەوەجــو ە بە نەتەوایەتی، کەم نرخن. دینی ئیسلامی ڕاستی لە خودا پەرستی و خوو و ڕەوشتی چـاک و ژیـانی خـۆش بـۆ هەمـوان و یەکســانی ئینســانان دەدوێ. هەمــوو کارێکی چاک و بەرنامەیەکی بە قازانج و بێزیـان بە مەرجـی بـاوەڕ بە خـوداو لەبەر خـودا، دینـە. خـۆ ئیسـلام وەک ئایینەکانی تـر نیە تەنگەبەر و کەم و کـوڕێ، ئیسلام هەمـوو مەسـڵەحەتێکی ئینسـانی لەبەرچـاو گرتـوە. ئیجتمـاع تەنزیم دەکا لە باری دەروونی و لەباری کۆمەڵایەتیەوە. دینی خودایەو بۆ هەموو کۆمەڵگای ئینسـانیەت هـاتوە. کە ئـێمە ئەوەمـان دەدی، حەزمـان دەکـرد ئەو یەکپـــارچەییە کە لە ڕاپەڕیـــن و لەســـەرکەوتنی شـــۆڕش دا دیمـــان هەر بمێنێ، خەڵکی کوردستان لە یەک بەرەی جەماوەری دا داوای مـافی کورد بکـاو بە دروشـمی دژی دیــن زۆریــنە لە ڕیــزی موبـارەزە دەرنەکـرێن و پـاڵیـان پێـوە نەنـدرێ و ڕژێم لێیان فریودا و بـۆ لای خۆیان بەرێ. تـا هـاوینی ١٣٥٩ لەگەڵ دەفتەری ماموستا ماینەوە تـا ئـاخری هاتینە سەر ئەوە کە جەنابیان حازرنین ئەو کارە پێویستە بەناوی ئەوە بکرێ، ژمــارەیەک لە پیــاوانی ئــایینی و شۆڕشگێڕانی خـاوەن ئیمـان، سـازمانی خەبـــاتی نەتەوایەتـــی و ئیســـلامی کوردســـتانمان پێـــک هێنـــا و لە ٥ی خەرمـــانی ١٣٥٩ دا ڕامـــان گەیانـــد. پێکهێنەرانی جوێ لە من لە خوا لێخۆش بوو مەلا خــدری عەباســی، مەلا کەریمــی سەییادی، ماموستا ئارام، چەند کەسی تـر بـوون. دوای تەسویبکرانی مادەکان، ئەساسنامە نوسرا.

بەڵێ سازمانی خەبات ڕاگەیێندرا دەستکرا بە کـاری تەشـکیلاتی و کـاری نیزامـی ژمـارەیەکی زۆری تـێ ئـاڵان، چـالاکی و هەڵێستەکانی سازمان لە ڕاگەیێنـدراو دا بە دەسـتی خەڵـک دەگەیشـتن. خـاوەن باوەڕانی کوردایەتی خۆماڵی لە دەفتەری ماموستا شێخ عیزەدین و سازمانی خەبات دا جــوێ لە تەبلیغــاتی کــوردایەتی و مەردم داری، لە بانەو سەردەشت و دۆڵی مەهابـــاد و ســـەقز و بۆکــان و ســـنە و مەریـــوان و کامیـــاران، قارەمانــــانە لە بەرامبەر دژمن ڕاوەستاون. پێشمەرگەی سازمانی خەبات لەسەر تـا خوار ژیانیان یەکســـانی بـــوە. لەگەڵ ئەســـیر زۆر بە ئینســانی ڕەفتــار کــراوە. لە بنکەکــانی سازمان خەبات دا ژیـانی دیلەکان لەگەڵ ژیــانی پێشـــمەرگە جیــاوازی نەبـــووە. پێشمەرگەی سازمانی خەبـات ناوبـانگی قارەمانیان بە کوردستان دا بڵاو بۆتەوە، دەگێڕنەوە کە مام جەلال لە دیار دوکتر قاسملو شـانازی دەکـا بە شـەهید مـامە ڕیشــە، دوکتــر قاسـملو پێشــمەرگەیەکی ســـازمانی خەبـــات لە بەرامـــبەردا بە شـــانازی دەهێنێـــتەوە. پێشـــمەرگەی ســـازمانی خەبـــات بە پەیـــڕەوی لە فەرمانـــدە ئـــازاو لێبوردەکانیـان نمـونەی قارەمـــانی بـــوون، دەســـتپاک و دڵپـــاک بوون. جەنابی ماموستا شێخ عیزەدین کە بــۆ خــۆی ئامادەی پێکهێنـانی سـازمانی خەبات نەبوو، نەهاتە ناو سازمان.

پرســـیاری ١٤: ڕاتـــان لەســـەر هەڵوێستەکانی ئەو کاتی ماموستا شێخ عیزەدین و کەسایەتی ئەو و نزیکـایەتی ئەو لە چەپەکان چۆن بووە؟

ماموســتا شـێخ عیـزەدین کەسـایەتیەکی ئەوەنــدە بەرز و بە ویقــاری هەبــوو لە جەوانیەوە، کە لە هەر جێگەیەک بـوبێ لەلای ماموستاکانی و ڕەفیق و خەڵکەوە زۆری ڕێز لێگیراوە، دوور بووە لە هەموو خــو و ڕەوشــتی نەشــیاو دوور بــوە لە مادییات، لەوپەڕی زرینگی و تێکۆشان دا بووە. بە فەقێیەتی خاوەن ڕەئی و نەزەر بــوو لە مە سـائیلی عیلمیـدا. زانـایە لە ئەدەبیـاتی کـوردی و فارسی و عەرەبـی و هەمــوو علــومی ئیســلامی و تەئــریخ دا، قورئــانی هەمــوو ئـاگــا لێــیە و زۆر شارەزایە لە تەفسیردا. لە هەموو ژیانی دا بێ تەماعو دڵ ئاوا ژیاوە، مەرایی بە دەوڵەت و ڕژێمی شا نەکردوە. کە کرا بە ئیمام جومعە، خۆی هەر ئاگای لێنەبوە، هێندێ لە کەسایەتیە خاوەن نفوزەکانی مهاباد پێشنیاریان بە دەوڵەت کردبـوو، حوکمی ئیمام جومعەیی بۆ هات، چەنـد ساڵ کە ئیمام جومعە بـوو دۆعـای بـۆ شا نەکـرد لە خـوتبەدا. جسـتانی ١٣٥٧ کە ژاندارم تەقەیان لە خەڵکیبۆکان کرد و چەند کەسێکیان شەهید کرد، مەلاکانی بۆکـان حـازر نەبـون بـۆ مەڕاسیمی بە خاکســپاردنیان، نـاردیــان بە شـــوێن ماموستادا شـەو هـاتە بۆکـان، سـازمانی ئەمنیەت بەیـانی دێـنە لای لە مزگەوت دەڵەن دەبـێ سـەعات شـەش تەرمەکـان بەرن بۆ گۆڕستان، ماموستا دەڵێ : ئێوە موسەلســـەلەکانتان قەت ڕووی لە مەرز نەبوە، هەر ڕوی لە سینگی میللەت بووە، ئەوە ئێمە سەعات ١٠ جەنازەکان دەبەینە گۆڕستان کـێ بەرمـان پـێ دەگـرێ بـا بیگرێ. ئەمجار ڕێبەری ڕاپەڕینی ١٣٥٧ی کــرد لە مەهابــاد و دوای ســەرکەوتنی شۆڕش تـا تـوانی نەیهێشت براکوژی لە نێوان ئەحزاب دا ببێ.

ماموستا شێخ عزالدینی لە بانە لە دایک بوە بە فەقەیەتی کەوتۆتە ناو موکریـان واش بە هـۆی ویقـار و لـێ هـاتوویی و زانسـت و مەتـانەتی خـۆی ئەو هەمـوو ئیحتـراڕمەی کەسـب کـرد. ئەمجـارە ئەو شەخسـیەتەی لە ڕاپەڕیـن دا ڕەنگێکـی دیکەی گرت، بۆیە ئەحزابی سیاسی لەو نزیــک دەبـــونەوە، ئەویـــش کە شەخسـیەتێکی بەرزی دینـی بـێ لایەن بـوو، نەدەکرا دەست بە کەسەوە بنێ و دوری لە خەڵک بکا، خێر خوازی میللەتی کورد نە مارکسیستە و نە سەرمایە دارە موسڵمان و عـالمێکی بەرزە و سـەربەرزە بە کردەوەو زانست و ئەخلاقی خۆی.

پرسیاری ١٥: پێوەندی سازمانی خەبات لەگەڵ هێــزە سیاســیەکان لەکــاتی ســەرکردایەتی بەڕێزتــان دا یەک بەیەک باســی لێــوە بــکەن، چ کوردســتانی و چ ئێرانی، چ هێزە ئەسڵیەکان و چە ئەوەی ئینشعابیان کردوە؟

لە وەڵامی پرسیارەکانی ڕابردوودا باسی پەیوەنــدی لەگەڵ هێنــدێکیان تـــا ئەنـدازێک کـرا. دوای ئەوە کە لە وەڵات ئــاوا بـوینە کوردســتانی ئەودیــوو وردە ووردە تێکەڵـی لەگەڵ حزبـی دیمـوکرات بەگەرمی ڕۆیی، لەکاتی ئینشعاب لەگەڵ هەردوکیان دۆستایەتیمان هەبوو، لەگەڵ ڕێبەرایەتـی شۆڕشـگێر دراوسـێ بـووین دیدەنیمان بۆ هاسانتر بوو. لەگەڵ حزبی کۆمۆنیست هیچ هاتوو و چۆێکمان نەبوو و نیمانە لەگەڵ کۆمەڵەش هاتووچومان بوو ئێستەیش هەمانە. لەگەڵ سازمانی موجاهدین دەمێکە دۆست و هاوپەیمانین.

پرسیاری ١٦: دەوری سازمانی خەبات لە ڕاپەڕینی ١٩٩١ باشووری کوردستان چی بووە؟

سازمانی خەبات لە ڕاپەڕینیش دڵسۆزانە هـاودەردی خـۆی دەربڕیـوە سەبارەت بەو هەموو ستەمە کە کورد لێی کرا لە کودستانی عێراق.

لە ڕابەڕیـن دا وەک کـورد ڕەفتارمـان کـردووە و دڵسـۆزی زۆرمـان نوانـدوە و خەڵکـی ناوچەی ڕانیە و پشدەر ئاگاداری بەشێکن.

پرسیاری ١٧: دەوری سازمانی خەبات لە شەڕی ناوخۆی باشوری کوردستان چیبوو؟

سازمانی خەبات وەک باقی دڵسۆزانی کورد هەوڵیدا کە شەڕ نەبێ و ڕابگیرێ. بەڵام بەقسەی کەسیان نەکرد هەڵوێستی ئیعلامیمان گرت دژ بەو شەڕە.

پرسیاری ١٨: بۆ دانیشتی و بۆ ڕاستەوخۆ دوای خۆت کوڕەکەت دەسەڵاتی گرتە دەست؟

من ئێستێش دانەنیشتووم، ئەنـدامی ناوەندیم. لە کونگرەی سێ دا دوای ئـاڵوگۆڕ لە بەرنـامە دا و پەسەند کردنـی بڕیارەکـان، هەڵبژاردن کراو بـابە شێخی حوسێنی لە منـوو هەمـوو کاندیـداکان دەنگـی زۆرتـری هێنـاوە. ئینتسـاب و ڕاستەوخۆ دانـان لە سازمانی خەبات دانەبووە. لە سازمانی خەبات دا کارەکان بە ڕاوێـژ، بەراو بۆچۆنی تێکڕا دەکرێ. کۆنگرەی سێهەمی سازمانی خەبات ئەنداماني بە هەڵبژاردن دیاری کردووە و لە داهاتویش دا هەر بەو شێوە دەبێ.

پرسیاری ١٩: کورتە باسێکی کونگەرەکانی سازمان لە دامەزراندنی تا کاتی دەست لێ کێشـانەوەی، خۆتمـان بـۆ بـاس بـکە؟ کـێ بوون؟بەڕێـوە بەران لە کـوێ بـوون؟ سەرکردایەتیەکە درا بە کێ؟

کـونگرەی یەکەم لە سـاڵی ١٣٥٩ کـۆچی خـۆڕی لە قەڵای خەبـات لە بلەکـێ بـوو، کۆنگرەی دووهەم لە ساڵی ١٣٦٧ کۆچی خۆری لە بنکەی شێبانەی پشتی ڕانیە بوو و تا کۆنگرەی سێهەم من بەرپرسی یەکەمی سازمانی خەبات بووم، کۆنگرەی سێهەم لە ناحیەی ڕزگاری تـوبزاوا هەولێر بـوو کـاک بـابە شێخ حوسێنی بە دبیر کلی سازمان هەڵبژێردرا.


پرسیاری ٢٠: ڕای ئێـوە لەسـەر ئەو دابڕانـانە بەگشـتی لەنـاو هێزەکـانی ڕۆژهەڵات چییە؟

هۆی دابڕان لە هەر حزبێک تا ئەندازێیێک جیاوازە لەگەڵ حزبێکی تر تـا لە نـاوەوە بووین دوو ئینشعاب لە حزبەکانـدا بـوو، هەردووک ئینشعابەکان چـوونە لای ڕژێـم، چریکی ئەکسەریەت و کۆنگرە چواریەکـانی حیزبـی دیموکرات. نـازانم بـۆچی ئەوەتـی ئاوارە بووینە ئەو بەشەیتری کوردستان ئینشعابی زۆرن. هەرچی بێ هەمووی بە زیانی بەرەی موبارزە و بە قازانجی دوژمن تەواو دەبێ. ئێمە ئارەزومان ئەوەیە ڕۆژێک لەت بوەکـان یەک بگرنەوە و هەموو لایەنەکـان لە بەریەکـی پتەودا برایـانە بـۆ قـازانجی کوردستان یەک بگرن.

پرسیاری ٢١: بەڕای جەنابت بۆ بەرەیەک پێک نایێ؟ چە کاریگەریەکی هەیە؟

زۆر هەوڵدرا بەرە پێک بێ و تـا ئێستا بێ ئاکام بووە سازمانی خەبات ئامادە بوو بـۆ پێک هێنانی بەرە لەگەڵ هاوسەنگەرەکانی دابنیشێ. دەڵەن ئیمتیاز خوازی ناهێڵێ بەرە پێک بێ.

## ڕژێمی ئاخوندی ئێران چالاکترین پشتیوانی تیرۆریزمە لە جیهاندا.



برایان هۆک نوێنەری تایبەتی وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا، دەڵێت؛ ڕژێمی ئاخوندی ئێران چالاکترین و گەورەترین پشتیوانی ترۆریزمە لەجیهاندا و شۆرای ئەمنیەت نـابێ بهێڵێت گەمـــــارۆی ســــــەر چەکـــــو چۆڵەکـــــانی ڕاگیرێـــــت.
ڕۆژی دوشەممە ڕێکەوتی 9ی پوشپەڕ، لە کۆنفرانسێکی هاوبەشی نێوان برایـان هـۆک نوێنەری تایبەتی وەزارەتی دەرەوەی ئامریکـا بـۆ کاروبـاری ڕژێم، لەگەڵ عـادل الجوبێر وەزیری عەرەبستانی سعودی بۆ کاروباری دەرەوەی ئەو وڵاتە، برایان هۆک ئاماژەی بەوە کردووە کە دەبێت گەرەنتی ئەوە بدەن کە ڕژێمی ئاخوندی لەگەڵ کێشەی زۆرتـر ڕوبەڕوو ببێتەوە بەهۆی دروستکردنی زیاتری چەکی کوشندە، و پێویستە کە گەمارۆی سەر چەک و چۆڵەکانی لانەبرێت، چونکە کۆتایی هێنان بەم گەمارۆیانە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ڕژێم زیـاتر بەردەوام بێت لە پێشێلکاریەکانی لەنـاوچەکەدا، ئەمەش دەرئەنجامێک نـیە کە شـــــۆرای ئەمنیەتـــــی نەتەوە یەکگرتووەکـــــان بتـــــوانێ قەبـــــوڵی بکـــــات.
چونکە ڕژێمی ئاخوندی لەم ڕێگەیەوە مووشەک، پێهباد وهەندێک مووشەکی مەترسیداری دیکە دەداتە حوسیەکانی یەمەن و پشتیوانیان دەکـات بۆ تێکدانی ئەمنیەتـی نـاوچەکە، هەروەها ئەم ڕژێمە خوازیاری شەڕی بێ کۆتاییە.لەلایەکی ترەوە عـادل الجوبێر، ووتـی: ڕژێمی ئاخوندی شەڕی نێوان گروپە توندڕەوەکانی پەرە پێداوە، پشتیوانی لە ترۆریـزم کردووە، دەست تێوەردانی لەکاروبـاری وڵاتـانی دیکە کردووە، چەکو چۆڵی بۆ گروپە تونــــدڕەوەکانی وەک حوســـــیەکان و حـــــزب الـــــلە، دابـــــین کـــــردووە.
لەگەڵ مافیاکانی مەوادی موخەددیر لە ئامریکای باشور و ناوەندی هاووکاری کردووە.
ڕژێمی ئاخوندی بەرپرسە لە ترۆرکردنی زیـاتر لە 360 مەدەنی لە جیهانـدا.نـاوبراو لەدرێژەدا ئاماژەی بەوەش داوە کە تەنانەت ڕۆژێک پێشتر کەشتیەک کە هەوڵـی ئەدا چەک و چۆڵی ئێرانی بگوازێتەوە بۆ حوسیەکان، ڕاگیراوە.

# ڕاگەیێندراوی سازمانی خەبات بە بۆنەی فەرمانی جیهادی خومەینی بۆ سەر خەڵکی کوردستان!.

خەڵکی ئاشتی خوازو ئازادیخوازی کوردستان!

٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ی کۆچی خۆری ڕۆژی دەرچوونی فەرمانی جیهادی خومەینیە دژ بە خەڵکی ماف خوازو ئازادیخوازی کوردستان. خومەینی بە دەرکردنی ئەو فەتوا دوژمنکارانەیە دژ بەخەڵکی کوردستان، ڕووی دزێوی بۆ هەموو لایەک و بە تایبەت بۆ گەلی کورد دەرخست. خومەینی و ڕژیمەکەی دەیانزانی کە خەڵکی کوردستانی ئێران ، خاوەن ئیرادە و هەڵوێستی شۆڕشگێڕانەن و بۆ هەر ئەگەرێکی دژمنکارانەو نەخوازراو ،کە دژ بە ویست و داخوازیەکانیان بکرێ بێ دەنگ نابن و چاوپۆشی لە جینایەت و سەرەڕۆیەکانیان ناکەن. لەڕاستیدا ئامانجی سەرەکی ئەو دەسەڵاتە، سەرکوت و چەوسانەوەو جەنگ وماڵوێرانی بوو، هەر بۆیەش ئەو فەرمانە بێ بەزییانەی کە هێشتا تەمەنی لە چەند مانگ تێپەڕی نەکردبوو،دژ بە گەلی کورد ڕاگەیاند. سەرەڕای پێداگری خەڵکی کوردستان و نۆێنەرانیان بۆ چارەسەری ئاشتیانەی کێشەکان و دابین کردنی ماف و داخوازیەکانیان لە لایەن دەسەلاتەوە، بەڵام خومەینی ویستی ئاشتیخوازی کوردی بە فەتوای جیهادو ناردنی پاسدارو هێزی ئەرتەشی،تەیار بە چەک و چۆڵی ڕێژیمی شای گۆڕبەگۆڕ دایەوە، و بۆ جارێکی تریش خەڵکی کوردستانی ناچار بە خەبات و بەربەرەکانی کردەوە. ئامانجی سەرەکی سەرانی ڕژیم سەرکوتکردنی ئازادیخوازان و قەڵاچۆ کردنی خەڵکی ئاشتیخوازو بێتاوانی کوردستان و نەهێشتنی ئەو ئارامی و ئازادی و تەباییە بوو، کەلە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و هێزە سیاسیەکان دا هەبوو.

خەڵکی شۆڕشگێڕ و قارەمانی کوردستان، کە ڕۆڵێکی بێ وێنەیان لە ڕوخانی ڕژیمی پاشایەتی لە ئێران دا بینی و توانیان بەشێوەیەکی ڕەها هەموو پاشماوەکانی شا لە کوردستان وەدەرنێن و لەو ماوە کەمەش دا ئیدارەو بەڕێوە بەری کوردستان بە شێوەی شیاو لە لایەن کەسانی باوەڕپێکراو هێزەسیاسیەکان بەڕێوە دەچوو. کۆمەڵگەی کوردستان کەتینووی ئازادی بوون، هەر زوو بەرەو ئامانجی بوژانەوەو سارێژکردنەوەی ئەو خەسارەت و زیان و زامەی کە لەلایەن دەسەڵاتدارانی ڕژیمی پاشایەتیەوە لێی درابوو هەنگاویان نا. خەڵکی کوردستان ئازادانە چالاکیان دەستپێکردو بە دامەزرانی ناوەندی مەدەنی و پەروەردەیی و بەگشتی بەڕێوەبردنی کاروباری شارو گوندەکاندا بە شێوەێکی شارستانیانەو شیاوی کوردستان، هەنگاویان نا، بەلام بەداخەوە بەرهەمی شۆڕشی دژی حکومەتی شا لەلایەن دەسەلاتدارە ئاخوندەکانەوە قۆرغ کرا و خرایە ژێر ڕکێفی ئەوانەوە. هەڕەشە و پلانی شەڕانگێزانەی ئاخوندەکان و بەهێز کردنی تاقم و گروپی سەر بەو ڕژیمە لە سەرانسەری ئێران وای کرد کە هەرچی هێزو لایەنی سیاسی دیموکراتخواز و خەڵکی تینووی ئازادی لە ئێران بە بیانوی جیاوازە زیندانی بکرێن و توشی ئەشکەنجە و تیرۆر ببنەوە. هێرشی بەکرێگیراوانی دەسەلات بۆسەر خەڵکی شاری سنە، کە بە پلانگێڕی و بەشێوەیەکی زۆر جینایەت کارانە لاوان و خەڵکی ڕاپەڕیوی شاری سنە و چەندین شاری دیکەیان شەلاڵی خوێن کردو کە لە ئاکامیشدا لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨دا بە دەرکردنی فەتوای خومەینی درێژەی بەو سیاسەتە نەگریسەی خۆی دا.

هێزی پێشمەرگەی کوردستان ولایەنە سیاسیەکانی کوردستان، بەتایبەت هێزی پێشمەرگەی سازمانی خەبات بە ناچاری دیفاعیان لە بەرانبەر هێزی بەکرێگیراو داگیرکەردا دەست پێکردو زۆر ئازایانە جەنگان و ڕووبەڕوی لەشکرکێشی ڕژیمی ئاخوندی وەستانەوەو لە زۆر شوێن سوپای ڕژیمیان توشی شکست کرد.

هاونیشتمانیانی تێکۆشەر!

جێگای وەبیر هێنانەوەیە کە چارەسەری بنەڕەتی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان و بۆپارێزگاری لە نیشتمان و ئازادی وولات، هەوڵدانە بۆ ڕۆخان و لەناوبردنی ڕژیمی ئاخوندی. پێویستە هەموو لایەک ئەو ڕاستیە بزانن کە تەنها بەڕوخان و لەناوچوونی ئەم ڕژیمە خەڵکی ئێران و کوردستان دەتوانن بە ئامانجەکانیان بگەن. نارەزایەتییەکانی ئەم چەند ساڵەی ڕابردوو، لەلایەن خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران و کوردستان، کە لە دۆخێکی خراپی ئابووری و چەوسانەوە و ژێردەستی دا دەژین و تووشی نەهامەتی و زیندان و سێدارە دەبنەوە، دەرخەری ئەم ڕاستییەن کە ئەم ڕژیمە لەسەر لێواری ڕوخان نزیکە و بەرەنگار بوونەوە لە بەرانبەر نیزام و دەسەلاتی ناعەدالەت، ڕوو لە هەڵکشانە و دۆستایەتی و بەڕەسمی ناسینی ئەم ڕژیمە بۆتە جێگای شەرمەزاری، لەم هەلومەرجە چارەنووس سازەدا، پێویستە خەباتی یەکانگیر بە مەبەستی کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی ئاخوندەکان پەیڕەو بکرێ. جێگەی خۆیەتی کە لەم ڕۆژەدا درود و سڵاو بنێرین بۆ شەهیدانی قوربانیانی دەستی ئەم ڕژیمە نەگریسە و یادی ئەو کۆمەڵکوژیانە بکەینەوە کە بەسەر گەلەکەمان دا هاتون وەک کۆمەڵکوژی کانی مام سید ،قارنێ ،قەڵاتان، صوفیان و ئیندرقاش و زۆر ڕووداوی تاڵی دیکە کە بە دەستی جەلادەکانی ئەم ڕژیمە بەسەر گەلەکەمان دا هاتوە.

سڵاو بۆ ڕۆحی پاکی شەهیدانی گەلەکەمان، بەتایبەتی شەهیدانی سورخەلاتی سازمانی خەبات. سەرکەوێ خەباتی ڕەوای گەلەکەمان، بروخێ ڕژیمی ئاخوندی لە ئێران

سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران
28 ی گەلاوێژی 1399 کۆچی خۆری

# مەزادی پۆست مۆدێرن.

رامیار ڕەحماندوست



کاتێ گویمان لە وشەی مەزاد دەبیێت بیرمان بۆ فرۆشتنی کەلوپەلی زۆر و کەم نرخ دەچێت، یٍٍو کالایانەی کەوا بەشێوەیەکی زۆر کەڵکەیان کردوە و زیادەن لەنێو مەیدانی شاردا مەزاد دەکرین بۆفرۆشتن. ئەم کارەش لە پێناوی دابینکردنی بژێوی ژیان دەکرێ و مەبەستیش لێی ئەوەیە کە زوو ئەو کالایانە نەمێنن و نەبنە زەرەد. مەزاد لە دێر زەمانەوە لەکوردستان دا هەبووە، بەڵام ئێستا جۆرێکی تر لە کالا هەیە کەلەلایەن کۆمەڵە کەسانێکی چاوچنۆکەوە مەزاددەکرێت بۆ فرۆشتن وەکو یاری قومار لە پیناو بەدەست هێنانی پارەیەکی زۆر،خاک و گەل و ئالاو زمان و نەتەوە، کە گەورەترین وپیرۆزتیرین سامان و موڵکی گەل خۆییەتی و دەبێتە ناسنامەو پێاسەی گەلی کورد وخاکەکەی، چەشنی کالایەک دەخرێتە مەزادەوە. ئەمەش لە پێناو بەدەست هێنانی زۆرترین ڕێژەی سامان و موڵک. بەداخەوە خاکی پیرۆزی کوردستان بۆتە قوربانی دەستی هەندێک نامەرد و جاش و هەلپەرست کە لەبازاڕی جیهان دا مامەڵەی کڕین وفرۆشتنی پێوە کراوە بەبێ ئەوەی بیر بکەنەوە کە خەریکە خاکی خۆیان وناموسی خۆیان و نیشتمانی خۆیان دەخەنە مەزادەوە. ئەوان بیر لەوە ناکەنەوە کە ئەم گەلە بە هەموو تایبەتمەندیەکانیەوە چەندین قوربانی وکارەساتی دڵتەزێن و نەهامەتی زۆر تاڵی چەشتوە لە پیناوبەرزڕاگرتنی ئاڵاکەی، بەبێ ئەوەی بیربکەنەوە کە ئەم خاکە چەندین شۆڕەشگێڕ خوێنی خۆیان ڕشت بۆی چەندین دایک جەرگیان سوتا، چەندین منداڵ بێ ناسنامە بوون، ئەمەش هەمووی لە پێناوی پاراستنی شەرەف و زمان وکلتور و نەریتی گەلی پیرۆزی کورد بووە. جاشی چاوچنۆک خاکەکەی خستۆتە مەزادەوە بەبێ ئەوەی بیربکاتەوە کە ئەم خاکە بەخامەی دەستی شاعیران وەسفکراوە، بەدەنگی زوڵاڵی هونەرمەندانی کورد پێناسە کراوە. ئەو ڕۆژە ڕەشانەی کە وەکو گەردەلوول بەسەر گەلی کوردا هاتوون بەشی زۆری هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەسانەی کە بازرگانانی خاک و گەل بوون و نیشتمانیان فرۆشتوە. ئەو کارەسات و نەهامەتیانەی بەرۆکی نیشتمانی کوردیان گرتبوو لەلاییەن هیزە چاوچنۆکەکانەوە، مافی مرۆڤ بوون یان ئازادی گەل وتاکی کورد و فرمیسکی دایکی شەهیدان خراییە ژێرقاچەوە و گوێی پێ نەدرا.

بێگومان ڕەگ و ڕیشەی شۆڕشگێری و نیشتمان خۆشەویستی، کە لەلایەن چەندین سەرکردەی ئازا و چاونەترس داکوتراوە، هێندە بەهێزن کە دەتوانن ئەم گەلە ڕۆژێک ئازاد بکەن و گەل و نیشتمانی کورد بەتەواوی لەدەستی ناحەزان پاک بکەنەوە خەڵک بگەیەنن بە مافی ڕەوایی خۆی. گەلی کورد بە پێشەنگی پێشمەرگەی قارەمان سوێندی خواردوە، گەر گیانی خۆشی بەخت کردبیت وبە ڕشتنی خوێنیش بێت ئەم مافە بەدەست دەهێنێت. چەک وهێزی جیهان و نەیارانی خاکی کوردستان نەیان توانی شۆڕشگیران ببەزێنن. هیچ ئەشکەنجەو ئازارێک چۆکی بە بەجەنگاوەرانی کورد دا نەداوە.

دوژمنان و نەیارانی کورد چەندین شێوازی هێرش و وپەلاماری جۆراوجۆرییان بەسەر خەڵکی کوردستان دا تاقیکردەوە، تەنها و تەنها بۆ مەبەستی لەناوبردنی ناوی کورد. لەناو هەموو گەلێکیش کەسانی باش وخراپ هەن. کوردیش لەم جۆرەکەسانە بێ بەش نەبووە. کەسانێک پارە و سامان چاوی کوێر کردون و ئامادەی هەر جۆرە کارێکی نەشیاو ناحەزن. داگیرکەرانی کوردستان چاویان بڕیوەتە خاکی کوردستان بەهۆی بەپیتی وباشی خاکەکەی و بە مەبەستی زیاتر کردنی هێز و دەستەڵاتی خۆیان بەبێ ئەوەی گوێ لە ویست و داخوازیە ڕەواکانی تاکی کورد بدریت هەرجۆریک کە لە توانایان دا بوە، هێرشیان کردۆتە سەر گەلی کورد و خاکی کوردستان. داگیرکەرانی خاک وێڕای دابەشکردنی کوردستان، هەوڵیان داوە لەڕێگای کڕینی هەندێک لە نیشتمان فرۆشان، جاسوس و سیخوڕی بەسەر گەلەکەمانەوە بکەن.
هەندێک لەو کەسانە لە پلەی بەرزی کۆمەڵایەتی و سیاسی دا بوون، ئەوانیش بەبێ هیچ بیرکردنەوەیک خاکی خۆیان دەخستە چنگی دوژمنەوە و ڕیگای بەداگیرکەران دەدا بە ئاسانی دزە بکەنە ناو خاکی کورد و داگیری بکەن. ،بەداخەوە بۆ ئەم جۆرە کەسانە کەوا بۆ مالی دونیا جەرگی دایکەکان دەسوتێنن. خەڵکی بە شەرەفی کورد و شۆڕشگێڕان نەفرەت لەبوونی ئەو کەسانە دەکەن.
دوژمن مەزڵومی و ساکاری و خۆش باوەوەڕی گەلی کوردی قۆستۆتەوە و جاشی دروست کردوە. خۆخۆری و ناتەبایی لەناو مالی کوردی دوورستکرد کە ئەمەش ڕیگایەکی تر بوو بۆ داگیرکردنی خاکی کورد.
دوژمن دەزانێ کە گەلی کورد تا ئەو کاتەی کە ناتەباو یەکگرتوو نەبن، ناتوانێت هیچیان پێ ناکرێ . بۆیە دروسکردنی ناکۆکی و ناتەبایی و فیتنە نانەوە لەناو کورد دا لەلایەن دوژمنەکانمانەوە بۆتە پیشەیان و بەبەردەوام کاری لەسەر دەکەن.
بۆنموونە باشووری کوردستان تا ئەم دەقەیەش بەدەست دوو ئیدارەی وناتەباییەوە دەناڵێنێت. پێویستە گەلی کورد بە وشیاریەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم ڕەوتە بکا و بەدوای چارەسەرێکی یەکجاری دا بگەڕێ تا دوژمنان نەتوانن لەو ڕێگەوە لاوازمان کەن و لەگەڵ یەک بمانکەنە دوژمن.

# ماڵ ، مافی مرۆڤەکان یان هیوایێک؟!

فرمێسک ڕەزایی



لەسەرەتای ژیانی مرۆڤەکان لەسەر گۆی زەوی، مرۆڤەکان هەوڵیان داوە شوێنێیک بۆ مانەوە و پشوویان بدۆزنەوە و پاشان بەدوای ڕاو و خواردن بوون. ئەوان لە ئەشکەوتەکان دەژیان وخۆیان لە هێرشی هەموو جۆرە ئاژەڵ و ئازارێکی دەرەکی دەپاراست و ئەمە بەومانایە کە ماڵ چەندە گرینگە بۆ ژیانی مرۆڤایەتی. ئەگەر جارنامەی مافی مرۆڤ بکەینە پێوەر ،ماڵ یەکێک لە سەرەتایی ترین مافەکانی مرۆڤە.لە وڵاتانی پێشکەوتوو و تاڕادەییێک خاوەن سیستەمی دیموکراتیک ، دەوڵەتەکان ناچارن شوێنی مانەوە بۆ دانیشتوانی ئەو وڵاتە دابین بکەن. هەر بۆ ئەم مەبەستەش بەشێک لە سیستەمی بە کرێ گرتنی ماڵ لەدەستی دەوڵەتەکانە و خاوەن ماڵ دەورێکی وای نیە . ئەم ماڵانە تاڕادەییێک هەرزانترە و نرخی کرێ ماڵ لەلایەن دەوڵەتەکان دیاری دەکرێ. و بۆ کەسانێکە کە لەباری ئابوری لاوازترن و خاوەن ماڵ بەهەربیانوێیک ناتوانێ ئەو بریارنامە پێشێل بکات و لێرەدا مافی کرێ نشین پارێزراوە. بەڵام بە گشتی بە هۆی ئەوەی لە جیهانێک بە سیستەمێکی نادادپەروەرانە دەژین، کەسانێکی زۆر بێ بەشن لەم مافە . ڕاستە ڕێکخراو و دامەزراوە خێرخوازییەکان بەش بە حاڵی خۆیان بۆ کەم کردنەوەی ئەم کەم و کوڕیانە هەوڵ ئەدەن،بەڵام کێشەکە زۆر گەورەتر لەوەیە ئەوان بتوانن چارەسەری کەن ئەم دۆخە لە وڵاتانی جیهانی سێهەم و بەتایبەت وڵاتێک وەکوو ئێران زۆرخرابترە. لەسەرەتای هاتنە سەرکاری ڕژیمی ئێران ،خومەینی بە دروشمی (ئێوە دەکەین بەخاوەن ماڵ )و سەدان دروشمی لەم چەشنە هاتە سەرکار و خەڵکی وەزاڵەهاتوو لە ڕژیمی پەهلەوی بەو بەڵێنەی دڵخۆش کرد. لێرەدا کەڵک وەرگرتن لەم دروشمانە دیسان گرنگی ماڵ دیارە و دەرخەری ئەوەیە یەکێک لەخواستە کۆمەڵایەتیەکانی خەڵکی ئاساییە.
ڕاستە ئەو دروشمانە لەسەر جەماوەری کوردستان کاریگەر نەبووە و گەلی کوردقەت دانیان بەو ڕژیمە نگریسە نەناوە، بەڵام خەڵکی ئێران چاوەڕوانی ئاسایش و ژیانێکی ئاسودە لەڕژیمی ئێران بوون . هەر وەک ئاشکرایەبە پێچەوانەوە ژیانی خەڵک ڕۆژبەڕۆژ خراپتربوو. ئەگەر تاچەن ساڵی پێشوو کڕینی ماڵ هیوا و دەسکەوتێک ئەژمار دەهات ئێستە بەداخەوە بەکرێ گرتنی ماڵ تەنانەت بۆ چینی مام ناوەندی کۆمەڵگە پرۆسەێیکی ئەستەمە.ئەم دۆخەش هەموو دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتەکانی ڕژیم، هەم سیاسەتی ناوخۆیی وهەم دەرەکی. گەندەڵی بەرپرسانی ڕژیم ،سیستەمی سەقەتی ئیدارەکردنی وڵات وبەتایبەت ماڵیات،بەو واتا کە کەسانی سەرمایەدار سەروەت وسامانیان زیاتردەبێ و هێڵی هەژاری تادێت دائەبەزێت. نەبوونی چاوەدێری و یاسایێکی دیاری کراو لەسەر نرخی کڕین و بە کرێ گرتنی ماڵ،و دوابەدوای ئەوە ئاڵۆزبوونی بازاری ماڵ و بوونی کەسانی دەڵاڵ وکۆنترۆڵ کردنی بازاری ماڵ لەلایەن ئەم کەسانە. هەروەها سیاسەتی دەرەکی ڕژیم وەک زیادەخوازیەکانی بۆ دەسگرتن و دەستێوەردانی ناوچەکە و ناردنی ئینقلاب و دابین کردنی گروپە تڕۆریستیەکان لەهەموو بوارێکدا و بەتاڵان بردنی سەروەت و سامانی وڵات کە مافی ڕەوای خەڵکی بەشخۆراوی ئێرانە، باری قورسی گەمارۆوەکان کە کەوتوەتە سەر شانی خەڵکی هەژاری ئێران هەموو ئەمانە ودەیان هۆکاری دیکە، بووەتە هۆی ئەوەی کە خەڵکی ئێران ڕۆژبەڕۆژ هەژارتربن، هەڵاوسانی ٦٠لەسەدی کارەساتێکە کە خەڵکی ئێران ناچارن ڕۆژانە لەگەڵی دەست و پەنجە نەرم کەن. نوسین لە هەژاری و بێکاری ئەو خەڵکە دوایی نایات،بەڵام ئەوەی لەم ماودا ڕوویداوە و باسی لێکراوە، چەمکی قەیرانی ماڵە!. ماڵ شوێنی حەسانەوە ،شوێنی پەنابردن لەهەموو کێشە و گرفتەکانی ڕۆژانەیە کە مرۆڤەکان، لەکۆمەڵگە توشی دەبن. جائەگەر ماڵ نەبێ یان دابین کردنی ماڵ بۆخۆی کێشەیێک بێ؟چارە چیە؟.
بە سەرەنجێک لە پێشەکی،دەزانین ئاستی دەرد و ئازاری چەمکی قەیرانی ماڵ چەندە گرانە. ڕەنگە لەم ماوە هەواڵی زۆرمان لەسەر ئاوارەیی و بێ ماڵ و حاڵی خەڵک بیست بێ. قەراغی شارەکان لێوانلیوە لە ماڵگەلێک کە تەنیا بەناوماڵە و لەناچاری نەبێ کەس ناتوانێ تێدابژیت.بەڵام تەنانەت دابین کردنی ئەوەش لە توانای زۆرکەسدا نیە. ئەوەی ڕوویداوە لەئاستی کارەساتە، کرێ ماڵەکان ئەوەندە زۆرە کە چەندین بنەماڵە لەیەک ماڵە دەژین. وێڕای ژیان لەسەر شەقامەکان، ژیان لەنێو جۆگەلە و گۆڕستان، دەستەواژەگەلێکە کە لەنێوان چینی هەژار تادێت ئاسایی دەبێتەوە. کرێکاران بەهۆی نرخی بەرزی هۆتیل و کرێ ماڵ، ڕویان هێناوەتە بەکرێ گرتنی سەربانەکان. دەوڵەتەکان یەک لەدوای یەک لەسەرەتای هەڵبژاردنەکان باس لە چارەسەرکردنی کێشەی ماڵ لەئێران دەکەن، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە بۆنیادی ئەو حکومەتە لەسەر درۆ و گەندەڵی دامەزراوە، دەوڵەتەکانیش بە دوای هاتنە سەرکاریان وەک چاوەڕوان دەکرێ، دروشمەکانیان، جێبەجێ ناکەن. لە دەوڵەتی مەحموودی ئەحمەدی نژاد ، پرۆژەێیک بەناوی مەسکەنی مێهر"دسپێکرا، سەرەڕای ئەوەی کە هەندێک بنەماڵە پاش هەوڵدان و زەحمەتی زۆر، بوون بەخاوەن ماڵ، بەڵام ئەنجامی ئەم پرۆژەش بە هۆی ئەوەی کە کەسانی خاوەن سەرمایە چەندین ماڵیان کڕی و دواتر بە کرێیان ئەدا، بوە هۆی هەڵاوسانی زیاتر لە بازاڕی مەسکەن. جێگری وەزیری ڕێگەوبانی ڕژیم وتی : بە پێی دوایین ئامارەکان لەساڵی ٩٥ ژمارەی ١٨ملیۆن و ١٠٠هەزار بنەماڵە لە ئێران ،شەش ملیۆن ٦٠٠هەزار بنەماڵە کرێچیین و ئەم ڕێژەی بە ٣٠لەسەد بەرئاورد دەکرێ . بێگومان جەماوەری ئێران کە خاوەن وڵاتێکن کە لێوانلێوە لە سەروەت و سامانی سروشتی ،شایانی ژیانێکی ئاسودەن و ئەم دۆخەی ئێستا کۆتایی پێی نایات مەگەر بە شۆڕشێکی تێکڕایی جەماوەری بۆ ڕووخانی دەسەڵاتی ملهۆڕی ڕژیمی ئاخوندی..

